بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

127

25 ی شوبات/ فێبریوەری 2026

## هەشتی مارس ڕەمزی خەباتە بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان!

## بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارسەوە

سیستمی سەرمایەداری، نەک ستەم و نایەکسانی دژ بە ژنان لەنێونەبردووە، بەڵکو بە قێزەونترین شێوە هێشتویەتیەوە و پارێزگاری لێدەکات. هێشتنەوەی ستەم و بێمافکردنی ژنان یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ڕاگرتنی پایەکانی دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی و سیستمەکەی لەئاستی دنیادا. جیاکاری و بەرتەسکردنەوەی دەرفەتی کارکردن بۆ ژنان، کرێی کەمتر لە پیاوان بۆ هەمان جۆری کار، کەمکردنەوەی خزمەتگوازریەکان و ئاسانکاریەکان بۆ ژنان لە شوێنی کاردا، هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی بە ژنان لە شوێنی کاردا، تا دەگاتە بەڕێخستنی تۆڕی بازرگانی و پیشەسازی سێکسی ژنان و .. تاد. سیمای کۆمەڵگا سەرمایەداریەکانە بەوانەشیانەوە کە بانگەشەی ئازادی و مافەکانی ژنان دەکەن. ڕووداوی ناسراو بە کەیسی ئەبستین، قوڵایی بۆگەنبوون و دارزانی بەها کۆمەڵایەتی و ئینسانیەکانی بۆرژوازی دەخاتەڕوو، کە سەرکردە و  بەرپرسانی پلە یەکی دەوڵەتانی ڕۆژاوا و کەسایەتیەکانی بۆرژوازی لە ملیاردێر و ملیۆنەرەکان و....لەم کەیسەوە تێوەگلاون و ژنان و کچانیان بە ناو و بیانوی جۆرواجۆرەوە ڕاوکردوە، کە تەنانەت کچانی ١١ ساڵی تێدایە و ئارەزوە سێکسیەکانی خۆیانیان تێدا خاڵیکردۆتەوە! ئەم ڕوداوە

بۆ لاپەڕە ٢



## یاریەکانی ئەمریکا لە ئێران و ناوچەکەدا!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## هەڵسەنگاندنی تاکتیکی بەشداری حزب لە هەڵبژاردنی نۆڤەمبەری ٢٠٢٥

ڕێبوار ئەحمەد

بۆ لاپەڕە ٥



## ڕێکەوتنی نێوان یەکێتی و نەوەی نوێ، هەوڵێکی بێئاکام!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ١٢



## کوردستانی سوریا؛ ڕێکەوتنی هەسەدە و حکومەت و ئایندەی دەسەڵات!

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ١٣

## سەختیەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق!

عوسمانی حاجی مارف.....لاپەڕە ١٥

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی....... هەشتی مارس ڕەمزی خەباتە بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان!

ڕادەی دڕندەیی و تاوانباریی سیستەم و دەسەڵاتی بۆرژوازی، لەو مەڵبەندەیدا کە تەنانەت بەشێک لە شانازیەکانی بەرەسمی ناسینی مافەکانی ژنان و ئازادیەکانیان بوو، بە ڕۆشنترین شێوە نمایش دەکات!

ئەم دۆخە لە وڵاتانێکی دیکەدا، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە بە وڵاتی ئیسلامی ناوزەد دەکرێن و یاسا و نەریتە ئیسلامیەکان بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و یاسایدا زاڵکراوە، زۆر خراپتر و کارەساتبارترە.

عێراق و کوردستان، وەکو وڵاتێک کە یاسا و شەرع و نەریتی ئیسلامی و دواکەوتوانەی قەبیلەیی و خێڵەکی و پیاوسالاری، لەلایەن دەسەڵاتەوە کراوەتە کۆڵەکە و زاڵکراوە بەسەر ژیانی سەخسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی ژناندا، ژنان لە خراپترین دۆخی ماف و ئازادیەکاندا ژیان بەسەر دەبەن. پەسەندکردنی یاسای جەعفەری کە زەواجی کچانی ٩ ساڵ ڕێگەپێدەدات، لەگەڵ پەسەندکردنی مدەوەنەی سونە لەلایەن پەرلەمانی عێراق و چوونی بۆ بواری جێبەجێکردن، کە پەرە بەزواجی ئیسلامی دەدەن لەناو دادگاکانی عێراقدا، لە نمونە هەر زەقەکانی ستەمە لەسەر ژنان. لە کوردستان دەسەڵاتدارانی کوردایەتی، ئەگەرچی بانگەشەی جۆرێک لە ئازادی و مافی ژنان دەکەن، بەڵام لە دنیای واقعدا سەرباری نارەزایەتیەکانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، فرەژنییان لە پەرلەماندا ڕەسمیەت پێداوە و کۆمەڵێک پاساوی پووچیان بۆ شەرعیەتپێدان و ئەنجامدانی داناوە! بێجگە لەوە ژن کوشتن و ناچارکردنی ژنان بە خۆکوشتن، دیاردەیەکی مەترسیداری کۆمەڵگەی کوردستانی عێراقە کە دەسەڵاتدارانی کوردایەتی بەرپرسیاری یەکەمن لە فراوانبوونەوەی. دەسەڵاتدارانی کوردایەتی بەوەوە نەوەستاون و دەمی کۆمەڵێک بانگخواز و مەلای ئیسلامی و سەلەفییان کردۆتەوە بۆ هێرشکردنە سەر ژنان و کەسایەتی و ماف و ئازادیەکانیان و بەڕاست و چەپدا سوکایەتی بە ژنان و شکۆیان دەکەن!

بێگومان چ لەئاستی جیهانیدا و چ لەئاستی عێراق و کوردستاندا، ژنان و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز، دژی ئەم بەربەریەت و دڕندەییەی بۆرژوازی و دەوڵەت و دەسەڵاتەکانیان وەستاونەتەوە و بگرە فشاریان بۆ سەر حکومەت و دەوڵەتەکان دروست کردووە و لە هەندێ مەیداندا پاشەکشەیان بەسەردا سەپاندووە. ئەمە جەنگێکی ڕۆژانەیە کە لەسەرێکیەوە بۆرژوازی و دەسەڵات و یاساکانیان دەیانەوێ ژنان کۆت و زنجیر و بێماف بکەن و لەسەرەکەی دیکەوە ئەو بزووتنەوە یەکسانیخوازییە دەیەوێ ئەوکۆت و زنجیرە بپسێنی و ژنان ئازادبن. بەڵام ڕاستیەکانی ڕوداوەکەی ئەپستین و سەرجەم دۆخی ژیانی ژنان و مافەکانیان، لە هەر گۆشە و کەنارێکی دنیا، بە کوردستان و عێراقیشەوە ئەوەی بە ڕوونی سەلماندوە کە ڕزگاری ژنان و دەستڕاگەیشتنیان بە ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنە و بە مافەکانیان وەکو ئینسانێکی یەکسان لەگەڵ پیاواندا، تەنها لەچوارچێوەی جوڵانەوەکانی ژناندا بەسەمەر ناگات، بەڵکو لەچوارچێوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتیدا مەیسەر دەبێ کە چینی کرێکار و جەماوەری ستەملێکراو و زەحمەتکێش دژی پایە و دەسەڵاتی بۆرژوازی بەرپێدەخەن. بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بەشێکە لە بزووتنەوەی گشتی ڕزگاریبەخشی چینی کرێکار بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی سەرمایە و بۆرژوازی. ئەم بزووتنەوەیە هەر ئێستا ئەتوانێ لە ڕێڕەوی خەباتیدا بۆ وەستانەوە بە دژی کۆنەپەرستی و داسەپاندنی یاسا ئیسلامیەکان و هەڵوەشانەوەیان، پێبەپێی جوڵانەوە نارەزایەتیەکانی کرێکاران و جەماوەری بێبەش بۆ باشبژێوی و خۆشگوزەرانی هەنگاوەکانی هەڵبگرێ تا کۆتا ئامانجەی.

کۆتایی شوباتی ٢٠٢٦

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

**ئۆکتۆبەر** بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# یاریەکانی ئەمریکا لە ئێران و ناوچەکەدا!

عوسمانی حاجی مارف

دوای هەشت مانگ لە شەڕی ١٢ ڕۆژە، کە ئەمریکا و ئیسرائیل بەناوی هەوڵدان بۆ لێدانی بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکیەکانی ئێران بەرپیانخست، ئێستا واشنتۆن جارێکی تر لە لێواری شەڕ لەگەڵ تاران وەستاوەتەوە. وەستانی شەڕی ١٢ ڕۆژە مانای کۆتایی گرژیەکان و وەستانی نەخشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل نەبوو لە ناوچەکە بەگشتی و ئێران بە تایبەتی، هەربۆیە ئێستا دەبینین گەورەترین گردبونەوەی سەربازی ئەمریکا لەڕێگەی ئاسمانی و دەریاییەوە بۆ فشارخستنە سەر ئێران، بە ئاشکرا نمایشێکی مەترسیدارتر نیشان ئەدات.

بە ئاماژەدان بە ئاستی دڵەڕاوکێی ڕژێمی ئێران لەبەرامبەر کردەوەی سەربازی ئەمریکادا، کۆماری ئیسلامی ئامادەیی دانوستانیان نیشانداوە، بەبێئەوەی دیاربێت کە ئاستی دانوستانەکان بەچی دەگات و دواتر چی ڕووئەدات!

هەڵبەتە بەردەوام چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە لە مانگەکانی داهاتوودا خولێکی دیکەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دەست پێبکاتەوە، وەها نیشان ئەدرێت ئامانجی ئیسرائیل زیاتر بۆ لاوازکردنی توانا موشەکیەکانی ئێران بێت. جگە لەوەش، چاوەڕوان دەکرا ئەگەری هەر لێدانێک بەهەوڵی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیل بێت، کە ئامانجی فراوانتری بەدواوەیە، بەتایبەتی بۆ ملکەچکردنی ئێران و ئاڵوگۆڕێک لەڕژێمی ئێران بە قازانجی ئەمریکا و ئیسرائیل تەواو ببێت، بەڵام وەک لە حوزەیرانی ٢٠٢٥دا، ترامپ ڕێگایەکی دیپلۆماسی بۆ دەربازبون خستەڕوو، بەهەمانشێوە ئەمریکا پێشنیاری ئەوە دەکات، تاران دەتوانێت خۆی لە لێدانەکان بەدوور بگرێت، ئەویش بەمەرجی قەبوڵکردنی تەواوی خواستەکانی ئەمریکا.

لە تەواوی ململانێکانی نێوان ئەمریکا و ئێراندا، پەیوەندی دیپلۆماسی هەردوولایان، هەمیشە پڕ بووە لە ئاستەنگی و سەختیی ڕێکەوتن، ئەو پرسانەی کە لە کارنامەی دانوستانەکاندا هاتووە، وەک بەرگرتن بە بەرنامەی ئەتۆمی و بەرنامەی مووشەکی، سنوردارکردنی دەخالەتی ئێران لە ناوچەکە و پشتیوانیکردنی لە میلیشیاکان و گرووپە تیرۆریستیەکان، بۆ دەیان ساڵە لە بەرنامەی کاردا ماونەتەوە و بە ئەنجامێکی عەمەلی نەگەیشتون. هەڵبەتە گومانی تیا نیە گەر ئێران لەوانەش زیاتر بخاتە بەرنامەی کاری سیاسیەوە، بە مەرجێک، پەیوەند بە پاراستنی دەور و نفوز، دەخالەت و باڵادەستی ئەمریکاوە جێبەجێیان بکات، بەمانایەک وەک هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هەنگاوەکانی بنێت، بەدوور بوەستێت لە پەیوەندی بە بەرژەوەندیەکانی روسیا و چینەوە، هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە دەورانێکی تر لە باڵادەستی ئەمریکای بەسەر ناوچەکەدا بەرجەستەکرێتەوە، ئەوا ئەمریکا کێشەیەکی نابێت لەگەڵ ئێراندا.

بەمانایەک ئەو پرسانەی دەخرێتە ناو دانوستانەکانەوە بۆ ڕێکەوتن دەربارەی ئەتۆمی و موشەک و هەربابەتێکی تر، ناوەڕۆکی کێشەکانی ئەمریکا و ئێران نیە، دەکرێت ئەو پرسانە هەبن و هۆکارێک بن لە بارگرژی دانوستانەکانی ئێستا، بەڵام گەر ئێران وەرچەرخانێک بەرامبەر هاوپەیمانی لەگەڵ روسیا و چین نیشان بدات، وەک هاوپەیمانی ئەمریکا پێناسەی خۆی کاتەوە، تەواوی هاوکێشەکە گۆرانی جدی بەسەردا دێت. ئەوەی شایانی باسە ئەم کێشمەکێشە کە مەسەلەیەکی بنەمایی و جدیە لە ململانێکانی نێوان ئەمریکا و ئێراندا، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی لە خاڵەکانی نێو دانوستانەکاندا پێنەدراوە، یان ئاشکرا ناکرێت! ئەتوانین بڵێین کێشەی بنەڕەتی ئەمریکا بەهەر شێوەیەک بۆی بگونجێت لێدانە لە دەورو نفوزی روسیا و چین لە ناوچەکەدا، کە ئێستا فۆکسی لەسەر ئێران داناوە.

گەر بروانینە ئەم دۆخەی ئێستای گەمارۆدانی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە، بەروڵەت دوو بژاردە بۆ ترەمپ لەئارادایە، "لێدانی سەربازی یان مامەڵەیەکی گەورە"، لە ڕاستیدا ئەم دوو بژاردەیە ناتوانێت نیگەرانیەکانی واشنتۆن چارەسەر بکات، بەتایبەتی کە جۆری پەرچەکرداری ئێران، توانیویەتی ئاستەنگی بۆ بژاردەکانی ترامپ پێکبهێنێت، بۆیە پێناچێت هیچ کام لەو دوو بژاردەیە یەکلایی کەرەوەبن و نەخشەکانی ئەمریکا بە سەرکەوتن بگەیەنێت! ئیدارەی ئەمریکا بەتەواوی دڵنیا نیە لەوەی کە بە هێرشی ئاسمانی و هێرشی مووشەکی ئەتوانێت ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، چونکە ئاسان نیە بەو ڕێگایە بتوانێت کۆنترۆڵی تەواو بەسەر ئێراندا بەدەست بهێنێت.

لەلایەکی ترەوە سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی، کە بەشێکی زۆری یۆرانیۆمی ئێران پیتێنراوە و لەژێر داروبەردا نێژراوە و بە سەلامەتی لە تونێلە قەڵادارەکاندا شاردراوەتەوە، بۆیە ئەمریکا پێویستی بە هێزی زەمینی، پشکنەر، یان لایەنی سێیەم دەبێت بۆ چوونە ناو ئەو شوێنانە، ئەمەش لەباری عەمەلیەوە مانای ئەوەیە کە پێویست دەکات ئەمریکا هێرشی سەرزەمینی و سەربازی بکات، هەڵبەتە کارێکی لەم چەشنە بۆ وڵاتێکی گەورەو بەرفراوانی وەک ئێران، ئەو فرسەتە نادات بە ئەمریکا بتوانێت نەخشەیەکی لەو چەشنە داڕێژێت، چونکە حەتمیە کە توشی شکستێکی گەورە دەبێت. جگە

لەوەش، ئەمریکا ناتوانێت دڵنیابێت لەوەی چ جۆرە لێدانێکی سەربازی دیاری بکات، کە ئایندەی دەوڵەت و دۆخی سیاسی ناوخۆی ئێران، چیان بەسەر دێت و تاچەند هێرشە سەربازیەکانی سودی دەبێت بۆ نەخشەو سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا. ئەگەری ئەوەش هەیە، ئەو لێدانە ببێتە هۆی گۆڕینی ڕژێم و ئێران پارچە پارچە بکات، یان حکومەتێکی نوێ بەرهەم بهێنێت، بەڵام وەڵامدەرەوەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا نابێت، بۆیە ترەمپ زیاتر لەهەوڵی دانوستان و ڕێکەوتنێکدایە، بۆ ملکەچکردنی دەسەڵاتی ئێستای کۆماری ئیسلامی، کە دیار نیە نەخشەکانی ئەمریکا لە مەیدانی ئەم ململانێیەدا ئاراستەی دۆخەکە بەرەو کوێ دەبات.

لەهەمان کاتدا "سەودا و مامەڵەیەکی گەورە" ئەرکێکی زۆر قورسترە بۆ ئەمریکا، لە داواکردنی ئەوەی کە ڕژێمی ئێران دەستبەرداری توانا موشەکیەکانی و بەرنامە ئەتۆمیەکەی بێت، یان بە یەکجاری دەستبەرداری هاوپەیمانی ڕوسیا و چین ببێت.

ئەگەری ئەوە هەیە سیاسەتی گۆڕینی ڕواڵەتی ڕژێمی ئێران گەر سەربگرێت، شوێنێک بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بکاتەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە لەم دۆخە ئاڵۆزەدا، ئایا بە دەخاڵەتی ئەمریکا و کاریگەریەکانی لەسەر ناوچەکە، دەتوانێت خزمەت بە بەرژەوەندیە درێژخایەنەکانی ئەمریکا بکات؟ بەبێ پلانێکی بژاردەیی بۆ بەرجەستەکردنەوەی "گۆڕینی ڕژێم"، بەبێ دابینکردنی ئەڵتەرنەتیفێکی بەتوانا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، سیاسەتێک دەبێت بۆ ئەمریکا و ترامپ، لە بەرامبەر ئەزمونێکی تر لە شکستەکانیان بەرەو ڕوو دەبنەوە و کارەساتی تر لە ناوچەکە بەرهەم دەهێنێتەوە.

ئەو سیناریۆ جۆراوجۆرانەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەمریکا پێشنیارکراون، یان لە چوارچێوەی سیاسەتی ئێستای ئەمریکادا خەریکە بەڕێوە دەبرێت، کە تیشک خستنە سەر لەشکرکێشیەکی تەواوە، گومانی تیا نیە ناواقیعیە، یان لەرادەبەدەر کات بەفیڕۆدەر دەردەکەون، نمونەی فشاری ناسەربازی بۆ سەر ڕژێم و بانگەوازی ساختە بۆ پشتیوانی ڕاپەرینەکانی خەڵکی نارازی ئێران، کارەساتی کوشتنی بەکۆمەڵی لێکەوتەوە و دۆخەکەی ئاڵۆزترکرد.

ئەگەر ئەمریکا بەم شێوەیە بەدوای ئامانجی دیاریکراوی گۆڕینی ڕژێمەوە بەردەوام بێت، ئەنجامەکانی دەکرێت پێچەوانەی ئەوە دەرچێت کە ئەمریکا مەبەستیەتی. لەوانەیە ڕژێمی ئێران سەرکوتی خۆپیشاندەران و کوشتنی بە کۆمەڵ زیاترکات، مووشەک و بریکارەکانی بەهێزتر کات و تەنانەت ڕەنگە بەدوای چەکی ئەتۆمیدا بگەڕێت بۆ ئەوەی لە لەناوچون خۆی بپارێزێت.

لەکاتێکدا ترەمپ لەلایەک بە ئاشکرا ئەگەری "سڕینەوەی ئێران لەسەر ڕووی زەوی" دەخاتە ڕوو، ئەگەر ئێران پابەند نەبێت بە مەرجەکانی ئەمریکا، لەلایەکی تریشەوە دەرگاکە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ "مامەڵەیەک"، لە دانوستانێکەوە بۆ دانوستانێکی تر.

هەڵبەتە ئەم هەوڵە سەربازیە مەبەست لێی هێرشێکی خێرا نییە، بەڵکو بۆ دامەزراندنی واقیعێکی سەربازی درێژخایەن و زۆرەملێیە کە ئامانج لێی ناچارکردنی ئێرانە مەرجەکانی واشنتۆن لە پێگەی لاوازییەوە قەبوڵ بکات.

پێشبینیەکان وەها نیشان ئەدەن، ئێران لەبەردەم ئەگەری هەڵمەتێکی فشاری سەربازی گشتگیردایە، کە درێژخایەنتر و فراوانترە لە ڕووی پانتاییەوە و بە توانایەکی تەواو بەرزی ئەمریکاوە بەڕێدەکەوێت، گەر لە کۆتایدا مامەڵەکەیان شکستی هێنا.

ئەم گۆڕانکاریە ئاڵۆزتر دەبێت بەهۆی جێگیرکردنی بەرفراوانی هێزی دەریاییەوە، کۆکردنەوەی ئەم هێزەش کە لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥ دەستیپێکرد، ئاسمان و دەریای بەیەکەوە گرێداوە، لە دوای جەنگی کەنداوەوە، ئەمە گەورەترین شانۆی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. ئەم یاریکردنە بە ئایندەی ناوچەکە، ڕێڕەوی بەردەوامی ئەو کارەساتانەیە کە چەندین دەیەیە دانشتوانی ناوچەکە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، لەمەش قێزەونتر، دەوری ئەو هێزو لایەنە سیاسیانەیە کە بەرژەوەندی سیاسی و پێگەی خۆیان بەتەواوی گرێداوە بە ئاکامەکانی ئەم یاریانەوە.

★

**بانگەشەی هەلپەرستانەی ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە خرۆشانی خەڵکی ئێران دژی ڕژێمی ئیسلامی، تەنها نیشاندەری ئەوەیە کە ئایندەیەکی وەکو عێراق سوریا و لیبیا و ئەفغانستان بۆ خەڵکی ئێران نەخشە دەکێشن. خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئێران لە خەباتیاندا بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران، تەنها دەبێ پشت بە هێزی چینایەتی خۆیان و بەرەی ئینساندۆستی و ئازادیخوازی جیهان و ناوچەکە ببەستن. ئەو هێزە سیاسیانەی کە پێشوازی لە جەنگی ئەمریکا دەکەن دژی ڕژێمی ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان گەورەترین تاوان دەرهەق بە خەڵکی ئێران دەکەن و دەبێ لەلایەن خەڵکی شۆڕشگێڕی ئێرانەوە وەکو پیلانێکی دژە شۆڕش ڕەدبکرێتەوە. ڕوخاندنی ڕژێمی ئیسلامی کاری خودی کرێکاران و ژنان و لاوانی ئێرانە لەپێناو کۆتاییهێنان بە نایەکسانی و بێمافی و سەرکوتی سیاسی و بۆ دامەزراندنی حکومەتی شورایی.**

# هەڵسەنگاندنی تاکتیکی بەشداری حزب لە هەڵبژاردنی نۆڤەمبەری ٢٠٢٥ بۆ پەرلەمانی عێراق

## "ئەم باسە لەلایەن ڕێبوار ئەحمەددەوە پێشکەش بە پلینۆمی ٣٢ی کۆمیتەی ناوەندی کراو و لەلایەن پلینۆمەوە پشتیوانی لێکرا و بڕیاردرا بڵاوبکرێتەوە"

هاوڕێیان بۆئەوەی چوارچێوەی باسەکە دیار و کۆنکریت بێت، ئەم باسە تەنها دەربارەی هەڵسەنگاندنی تاکتیکی حزبە بۆ بەشداری لە هەلبژاردنی پەرلەمانی عیراق کە لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٢٥ ئەنجام درا.

وەکو ئاگادارن ئەم باسە سەرەتا لە مەکتەبی سیاسی بەرلە پلینۆمی ٣١ باسکرا، دواتر لە پلینۆمی ٣١ باسکرایەوە و لەسەر ئەوە براینەوە کە لە هەلومەرجی گونجاودا بە هەموو مانایەکی گونجاو، دەکرێت حزب بەشداری لە هەلبژاردنی پەرلەمانیدا بکات. پاشان کە مەسەلەی هەلبژاردنی نوڤەمبەری ٢٠٢٥ هاتەپێشەوە، لە مەکتەبی سیاسی دیسان بەدیاریکراوی قسە لەم مەسەلەیە کراو بریاری بەشداری درا. ئێستا سەرەتا دەمەوێ بە کورتی بڵێم لەم بارەیەوە چی و چۆن کرا و چی روویدا!؟

لەو هەلبژاردنەدا ئێمە تاکتیکی بەشداریمان گرتەبەر و وتمان بەشداری دەکەین، بەلام بەکردەوە بە هۆکاری قانونی نەماتوانی بەشداری بکەین. پاشان بەیانێکمان دەرکرد روو بە ئەحزاب و لایەنەکان. لەوێ سەرخەتی پلاتفۆرمی خۆمان خستەڕوو وە وتمان هەر لایەنێک ئامادە بێت ئەم پلاتفۆرمە بکات بە بەرنامەی خۆی لە پەرلەماندا، ئێمە پشتیوانی لێدەکەین. لەم بارەیەوە کادرێکی حزبی شیوعی کە بەشێوەی سەربەخۆ خۆی کاندید کردبوو، ئامادەیی خۆی بۆ تەبەنیکردنی پلاتفۆرمەکەی حزب نیشاندا، حزبیش پشتیوانی بۆ ئەو کاندیدە دەربری. واتە حزب لەو هەڵبژاردنە بەشداری نەکرد، بەڵام پشتیوانی لە کاندیدێک کرد کە پلاتفۆرمی حزبی پەسەند کردبوو. ئەم پشتیوانیەلەکۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا راگەیەندرا.جگە لەمە لە شارە جیاجیاکاندا لە چەند کۆبونەوەی گشتی گەورە و بچوکدا قسەمان بۆ خەڵک کرد. هەروەها میدیای حزب لەم چوارچێوەیەدا تەبلیغی کرد. ئەمە کورتەی ڕێڕەوی عەمەلی ئەو مەسەلەیە بوو.

سەرەتا ئەوە بڵێم کە لەم کۆبەندیەدا، بێگومان بە چاوێکی رەخنەگرانەوە لەو مەسەلەیە دەڕوانم و دەمەوێ لایەنە هەڵە و لاوازەکانی دەستنیشان بکەم و رەخنەی لێبگرم، بەڵام مەبەستم رەخنەیە لە کارکرد و ئەزمونێک نەک رەخنەیەک بێت لە کەس یان کەسانێک. هەڵسەنگاندن و رەخنەی من لە هەڵە و گرفتەکانی رێڕەوی عەمەلی یەک تاکتیکە. بێگومان هەرکەس ئەگەر ئەم رەخنەیەی قبول بێت دەتوانێبەشی خۆی لەو رەخنەیەو لەو پرۆسە عەمەلیە دیاری بکات، بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگەهەڵسەنگاندنی ئەم تاکتیکە و رەخنەیە لە هەڵە و ئەشکالاتەکانی بۆ ئەوەی ببێتە وانەیەک بۆ ئایندەمان، بۆئەوەیە بلیم لە روانگەی منەوە ئەگەر لە ئایندەدا جارێکی تر چوینە پای ئەم تاکتیکە، کام هەڵە و ئەشکالاتێک هەیە کە ئاگامان لێ بێت دوبارە نەبنەوە. هەڵبەت دەزانم لەم بارەیەوە رەنگە جیاوازی بۆچوونمان هەبێت، ئەمەش مەسەلەیەکی ئاساییە و لەکۆتایدا دەکرێ بۆچونە جیاوازەکان بەراورد بکەین و سەنتێزێکی بێتە دەستمانبۆ کاری داهاتومان.

بێگومان ئێمە دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ بایکۆت ئەمە یەکەمجارم بوو کە بۆ کۆمەڵگای رابگەیەنین لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بەشداری دەکەین و بە عەمەلی هەرچەند ناراستەوخۆ چوینە پای، بەلام بەگشتی کارەکە بۆ ئێمە تازە بوو.

بێگومان ئەزمونی تازە هەڵە و نەشارەزایی و بێدیقەتی دەهێنێتە ئاراوە. ئەمە لەم مەسەلەیەدا کاریگەری هەبوو.

### لە بەرگری لە تاکتیکی بەشداری

من لەپێشدا دەمەوێ لە بەرگری لە تاکتیکی بەشداری ئەوە بڵێم کە خودی تاکتیکی بەشداریکردن دروست وبەجێ و تەکانێک بوو بە ئاراستەی خەتێکی سیاسی دەخاڵەتگەرانە و رۆچون بۆ مەیدانی کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەرامبەرکێی رووبەروو لەگەڵ بزوتنەوە و ئەحزابی بورژوازیدا. هەروەها دەرهێنانی شانی خۆمان بوو لەژێر قورسایی نەریتەکانی چەپی سوننەتی. بێگومان هێشتاش ئەو نەریتانە گەلێک سەنگینی دەکەن لەسەر کاری ئێمە و بەم هەنگاوانە کۆتاییان نایەت و تێناپەڕێنرین. ئەمە تەنها هەنگاوێکە لەو ئاراستەیەدا و دەبێ ئەم ئاراستەیە بەردەوام بێت. ئەوەش تەکید دەکەم کە مەرج نیە هەموو رەخنەیەک لە بەشداری یان هەموجۆرە مخالەفەتێک لەگەڵ بەشداری،بکەوێتە چوارچێوەی چەپی سونەتیەوە. ئەمە تاکتیکێکە دەکرێت لە چەپەوە رەخنەی لێبگیرێت، دەکرێت لە راستەوە رەخنەی لێبگیرێت و دەکرێت لە روانگەی کۆمۆنیستیەوە رەخنەی لێبگیرێت. هەرئێستا من خەریکم بەجۆرێک ئەوکارە دەکەم.

لەروانگەی منەوە لەچاو رەفتاری تائیستای بزوتنەوەی ئێمە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا، ئەمە هەنگاوێک بوو لە رەوتی دوورکەتنەوە لە چەپی سوننەتی، کە ئەم بەشداریەی بە تابۆ زانیوە و لەپێشەوە ئەوەی براندوەتەوە کە کۆمۆنیستەکان دەبێ بایکۆتی

بکەن، پاشان ئەگەڕێ بۆئەوەی چ هۆکارێک بهۆنێتەوە بۆ بایکۆت. بۆیە یەکسەر کە ئەم تاکتیکەمان ڕاگەیاند بەر لە هەموو لایەنێک، وە لە ڕاستیدا تەنها چەپی سوننەتی کردی بەهەرا! ئەهاا!! حککک وازی لە شۆڕش هێنا، شۆڕشی بایکۆت کرد و لەگەڵ ڕەوتی پەرلەمانتاریزم ڕۆیشت و بەرەو ڕاست وەرچەرخا و دنیا خراپ بووا! ئەو حزبە دەستی لە کۆمۆنیزم و شۆڕشی کرێکاری هەڵگرت و هەڵپەی ئەوەیەتی لە ڕێگای پەرلەمانەوە سوچێکی دەسەڵاتی دەسکەوێت! لەم بارەیەوە ئیتر هیچ لایەنێکی دیکەی باسەکانی ئێمەی بۆ گرنگ نەبوو. هەربۆیە ئێمە لە بەرگری لەم تاکتیکە بەناچاری وەڵامی پروپاگەندەی چەپمان دایەوە. لەگەڵ چەپ کەوتینە جەدەلێک کە ئەوان دەستیان پێکردبوو. هەر لێرەدا ئەوە بڵێم کە بەڕای من پاساوەکانی چەپ بۆ بایکۆت هەرچیەک بێت،کێشەی ئەسڵی ئەو لەگەڵ ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە متمانەی بە خۆی نیە. جەسارەتی شەڕ و جەدەلی ڕووبەڕووی نیە لەگەڵ بورژوازی و نوێنەرانیدا. ئامادەی ئەوە نیە ڕووبەڕوو لەگەڵ بورژوازیدا شەڕ بکات و لە ئۆرگانەکانی قودرەت بەمانا گشتیەکەی بەشداری بکات. چەپ ڕاهاتوە لەسەر ئۆپۆزیسیۆن بوون و مانەوە لە پەراوێزی کۆمەڵگا و کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا. بۆ ئەمەش پاساوی بێکۆتایی هەیە.

ئەو پروپاگەندانە لەکاتێکدا دژی ئێمە بەرێخران کە ئەوە زۆر ڕۆشن و بەرجەستە و جەختی لەسەر کرابوو کە سیاسەت و هەڵوێستی کۆمۆنیستی ئێمە بەرامبەر پەرلەمان و پەرلەمانتاریزم هیچ گۆرانیکی بەسەر نەهاتوە. جەخت لەوە کرابوو کە ئێمە پەرلەمان بە دامەزراوەیەکی نیزامی سەرمایەداری دەزانیین کە دەیەوێ کۆمەڵگای چینایەتی سەرمایەداری جۆرێک ئیدارە بکات کە هێزی کار بۆ قازانجی کەڵەکەی سەرمایە بچەوسێنێتەوە. جەختمان لەسەر ئەوە کردبوو کە فەلسەفەی حزبی ئێمە ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی کرێکاری و ڕوخانی نیزامی سەرمایەداریە بە پەرلەمان و پەرلەمانتاریزمەوە. جەخت لەوە کرابوو کە ئامانجی ئێمە دامەزراندنی سۆسیالیزمە و بەدیلی ئێمە بۆ هەموو شێوەکانی سیستەمی سیاسی بورژوازی سیستەمی شورایە. ئەم تەئکیداتە لە هەموو قسەکانماندا ڕوون و بەرجەستە بوو. بەڵام چەپی حاشیەیی ئەمانەی بۆ گرنگ نیە. لەڕوانگەی ئەوەوە ناکرێت هەم ڕوخانی سیستەمی پەرلەمانیت بوێت و هەم هەتا بۆ ئەم مەبەستە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەشداری بکەی. ئەوان تەنانەت نەهاتن دەقی قسەکانی ئێمە و ئەو تاکتیکە بەوجۆرەی گەڵاڵە کراوە ڕەخنە لێبگرن. یانی بۆنمونە باسی بایکۆتی شۆڕش لە کوێوە دەرهاتوە؟! کام قسەی ئێمە دەکرێ مانای بایکۆتی شۆڕشی لێ دەربێت؟! بۆیە من ئەم قسانە بە پروپاگەندە دەزانم نەک ڕەخنەی سیاسی و زانستی.

ئێمە بە پێداگری توند لەسەر بنەما و پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزم و شۆڕشی کرێکاری و بەدیاریکراویش لەسەر هەڵپێچانی پەرلەمانتاریزم، تاکتیکی بەشداریمان هەڵبژارد. ڕەخنەگرانی ئێمە کەوتنە پروپاگەندەی ئەوەی کە ئێمە دەستمان لە شۆڕش هەڵگرتوە، لەکاتێکدا شۆڕشێک لە ئارادا نەبوە و نیە تا ئێمە بایکۆتی بکەین یان دەستی لێبەردەین. ئێوە سەرنجی ئەمە بدەن! پێموایە شێکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەتوانێ مەسەلەکە ڕۆشن بکاتەوە. باسەکە ئەمەیە کە دروست لەکاتێکدا شۆڕش یان هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە لە ئارادایە، تاکتیکی کۆمۆنیستی بەرامبەر هەڵبژاردن، نەک بایکۆت، بەڵکو هەڵپێچانی گشت دەورودوکانی هەڵبژاردن و پەرلەمانتاریزمە. ئەمە ڕۆشنە. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە ئەگەر لە دەورەی شۆڕشگێرانەدا ئەم تاکتیکە دروستە، لە دەورەی ناشۆڕشگێڕانە و لەوکاتەدا کە تەنانەت بزوتنەوەیەکی سیاسی کرێکاری و جەماوەری سەراسەری لە مەیدان نیە کە

بەرامبەر دەسەڵاتی گرتبێت و دەسەڵاتی خستبێتە ژێر گوشارەوە، کە بکرێت لەجیاتی تاکتیکی بەشداری لە هەڵبژاردن، تاکتیکی پەرەپیدانی ئەم بزوتنەوەیە و توندکردنەوەی فشار لەسەر دەسەڵات هەڵبژێری، ئەگەر ئەمە نەبێت لەم هەلومەرجەدا تاکتیکی دروست بەرامبەر هەڵبژاردن چیە؟

تەماشاکەن، پرسیارەکە ئەمەیە:-لەکاتێکدا لەجەرگەی هەلومەرجێکی سیاسی دیاریکراوی بەوجۆرەی باسم کرد، هەڵبژاردن دێتەبەرەوە، مەرج و پێوانەکانی ئەو هەڵبژاردنە بواری بۆ بەشداری کۆمۆنیزم کردوەتەوە و هیچ شەرت وشروتێکی ئەوتۆ لە ئارادا نیە کە سازشێکی مەبدەئی بەسەر کۆمۆنیزمدا فەرز بکات، لە هەلومەرجێکدا کە کۆمۆنیزم لەڕوی سیاسی و عەمەلیەوە توانای بەشداری هەبێت، لە هەلومەرجێکدا کە لەسەر بنەمای لێکدانەوەی وەزعەکە هۆکارێکی تایبەتی بۆ بایکۆت نەبێت، لەم کاتەدا ئەگەر بەشداری ناکەی بەدیلی تاکتیکیت چیە؟ ڕەخنەگرانی چەپی ئێمە دەڵێن بایکۆت و بە هەڵوێستێکی شۆڕشگێرانەشی دەزانن. بەڵام بەراستی بایکۆت ئەگەر سەری بە سیاسەتێکی چالاک و ڕوولەپێش نەبێت، تاکتیک نیە. بایکۆت بەتەنها بەبێ ئەوەی لەگەڵ کردەوەیەکی تاکتیکی چالاک و ڕوولەپێش گرێ بخوات، پاسیفیزمە. خەباتی کۆمۆنیستی بەبێ تاکتیکی کارساز و عەمەلی پاسیفیزم و یەکێک لە باوترین ئەو گرفتانەیە کە یەخەی چەپ و کۆمۆنیزم دەگرێت. ئەگەر بەراوردی بکەی بە دەورانی شۆڕشگێرانە مەسەلەکە ڕونتر دەبێتەوە. لەوێ لەجیاتی بەشداری دەڵێی شۆڕش، دەڵێ ڕاپەڕین و ڕامالینی هەموو سیستەمەکە بە پەرلەمانەکەیەوە، یان دەڵێی تاودان بە بزوتنەوەی جەماوەری و توندکردنەوەی گوشار یان هەر شتێکی لەم بابەتە، واتە هەریەک لەم تاکتیکانە ڕۆشنە و دەخالەتگەرانە و کاریگەرە. باشە هاوتای ئەم دەخالەتگەریە لە دەورانی ناشۆڕشگێڕانەدا، لەو دەورانە کە

هەتا بزوتنەوەیەکی بەهێز لە ئارادا نیە، چەپ بەشداریش رەت دەکاتەوە، کەوایە لەجیاتی بەشداری دەڵێی چی؟ ئاخر بایکوت بەتەنها خۆی هیچ ئەکتێکی شۆڕشگێڕانەی تیا نیە تا ئەوانەی گوایە شۆڕشگێڕن مەترەحی بکەن و سنگی پێدەرپەڕێنن!

دەعوەتی خەڵک بۆ دانیشتن لە ماڵەوە وەکو ئەوەی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە چەپ دەیکات، چ شۆڕشگێڕیەکی تیایە؟! یان هەتا باسی ئەوەی کە چالاکانە بانگەوازی خەڵک بکەین نەچن بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن. پەرلەمانتاریزم بەمە کۆتایی نایات و تێپەر ناکرێت، بەم ئاسانیە خۆشباوەڕی خەڵک بە پەرلەمانتاریزم ناڕەوێتەوە. یان باسی پەرەدان بە ناڕەزایەتی دەکەن. بێگومان لەو هەلومەرجە و هەمیشە هەر دەبێ پیداگری لە پەرەدان بە خەبات و ناڕەزایەتی بکرێت، ئەمە قسەی تیا نیە، بەشداری خۆی لە خۆیدا ناکۆکی نیە لەگەڵ پەرەپیدان بە ناڕەزایەتی، بگرە دەکرێت ئەو ناڕەزایەتیە بەهێز بکات و ڕێگای بۆ هەموار بکات. دەبێ لە فەزای کەمپینی هەلبژاردن کاربکرێت بۆ رونترکردنەوەی بەرچاوی خەڵک لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا و پیداگری لەسەر پەرەدان بە ناڕەزایەتی و یەکێتی و ڕێکخراوبون و پەردەهەڵماڵین لەسەر بورژوازیبکرێت، بەڵام باسی من باسی تاکتیکێکە لەپەیوەند بە خودی هەڵبژاردن و لەجیاتی بەشداریکردن دەبێ بخرێتەڕوو، ئەو تاکتیکە چیە؟!

هەڵبژاردن هەبێت یان نەبێت دەبێ کار لەسەر ڕێکخراوکردن و پەرەدان بە ناڕەزایەتی بکرێت. بەڵام باسەکە دەربارەی تاکتیکە بەرامبەر هەڵبژاردن، دەبێ تاکتیکێکی بەدیل هەروەکو سەردەمی شۆڕشگێڕانە ڕۆشن و دەخالەتگەرانە و کارا بگیرێتەبەر. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چەپ دەڵێ تاکتیکی من هەر شۆڕشە، حکومەتی کرێکاریە و سیستەمی شوراییە و شیعاراتی لەم بابەتە. ئاخر باسەکە ئەوەیە کە هەلومەرج شۆڕشگێرانە نیە، شۆڕشێک لە ئارادا نیە، تەنانەت بزوتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری بەهێز لە مەیدان نیە، چۆن شۆڕش دەکەی بە تاکتیک؟! ئەمە تەنها دەبێ بە شیعاراتی زهنی و بێناوەڕۆک. ئەگەر هەلومەرج شۆڕشگیرانە نەبیت، شۆڕش ئەویش شۆڕشی سۆسیالیستی ناتوانێ بەوینەی تاکتیک مەترح بیت، مەگەر ئەوەی هەموو جۆرە ناڕەزایەتیەک ناوبنێی شۆڕشی سۆسیالیستی. ئیمە دووریەکی زۆرمان هەیە لەگەڵ ئەو جۆرە شۆڕشە سۆشیالیستیە.

شۆڕش بە ئیرادەی ئەحزاب دروست نابیت، قەت روینەداوە ئەحزاب خولقێنەری هەلومەرجی شۆڕشگیرانە و شۆڕش بن، تا بیکەی بە تاکتیک لەبەرامبەر هەر خولیکی هەلبژاردندا. شۆڕش لە ناکۆکیە ناوەکیەکانی نیزامی سەرمایەداریەوە سەر هەلدەدات. لەئاکامی ئەوەدا دەورەیەک لە ئەزمەی شۆڕشگێرانە سەرهەڵدەدات و لەناکاو کۆنترۆلی بارودۆخ لەدەستی هەمووکەس دەردەچێت و دەتەقێتەوە، ئەحزاب ناتوانن ئەم ناکۆکیانە دروست بکەن یان بتەقێننەوە. دەورەی شۆڕشگێرانە یانی بە دیاریکراوی لەو حالەتەی کە دەسەلات لەژێر گوشارێکی توندا قەراری گرتوە وەکو وتراوە (سەرەوە ناتوانی بەوجۆرە حوکمرانی بکات و خوارەوەش واتە جەماوەری کریکار و زەحمەتکێش ئامادە نین ئەو جۆرە لە حوکمرانی تەحەمول بکەن). لێرەوە دەورانی شۆرشگیرانە دێتەئاراوە، دوای ئەوە رۆلی ئەحزاب دەست پێدەکات بۆ ئەوەی ئاسۆی شۆرشگیرانە بەسەر رەوتی ئەو تەقینەوە جەماوەریە سوار بکەن و بە ئاراستەیەکی دروستدا بەرەوپیشەوە ڕێکیبخەن و رابەری بکەن.

بەهەرحال من وا دەزانم ئەو ئاراستەو بۆچوونەی کە هەمیشە شورش دەکاتە بەدیلی بەشداریکردن، فری بەسەر کۆمۆنیزم و شۆڕشگێڕی کۆمۆنیستیەوە نیە. زهنیگەراییەکی پووچە و تەنانەت داشکاندنی شۆرشی کرێکاریە تا ئاستی هەرجۆرە ناڕەزایەتیەک دژی دەسەلات نەک دژی نیزامی سەرمایەداریش!

## دژایەتی بەشداری لەسەر بنەمای کۆنەپەرستی پەرلەمان

بەشێکی تری ڕەخنەگرانی ئێمە ئەو ئاراستەیان گرت کە ئەوەی لە عێراق و کوردستان هەیە بە ناوی پەرلەمان نوێنەرایەتی خەڵک ناکات، زۆر کۆنەپەرستانەیە، سەرتاپای قەومی و دینی و تائیفی و میلیشیاییە، هەڵبژاردنەکەی واقعی نیە و تەزویر و کەڵەک و سیناریۆیە. من ئەوەشی بۆ زیاد دەکەم کە پیسە و چەپەڵە و ئاخوندە و زەلکاوە. بەڵام لەم روانگەیەوە ڕەخنەگرتن لە پەرلەمان تەنها ئەتوانێ ئەو ئەنجامەی لێبگیرێت کە پەرلەمانەکانی دیکەی ئەورووپایی پێشکەوتنخواز و مودێرن و نوێنەری واقعی خەڵکن! یان ڕەخنەی ئەوەیان لێگرتین کە ئێمە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ڕژێمێکدا بەشداری دەکەین کە رژێمەکەی هاوردەی ئەمریکا و بەرهەمی ڕژێم چێنجە و سەر بە ئەمریکا و وابەستەی ئێرانە. لەمەش ئەکرێ ئەو ئەنجامگیریەی لێبکرێتکە پەرلەمانی واقعی دەبێ رژێمەکەی ڕەسەن و ئەصلی و نیشتمانی و سەربەخۆ بێت. لەمانە ئەو ئەنجامە دەگیرێ کە ئەگەر بەیانی رژێمێک هاتەسەرکار کە بەرهەمی ڕژێم چێنج و هاوردەی ئەمریکا نەبوو، پاشکۆ و وابەستەی ئێران نەبوو، ڕەسەن و نیشتمانی بوو، ئیتر پەسەند و نوێنەری خەڵکە. من دەڵێم بەراستی خودی ئەم بۆچوونانە ڕاسترەوییەکی زۆر ئاشکرایە بەرامبەر بە نیزامی پەرلەمانی. ئەمە هەر لە بنەڕەتەوە هەڵوێستێکی ڕاسترەوانەیە بەرامبەر پەرلەمانتاریزم. مانای ئەوەیە کە پەرلەمان دابەش دەکەین بۆ کۆنەپەرست و پێشکەوتنخواز، ڕەسەن و نارەسەن، هاوردە و نیشتمانی و تا دوایی. لە کاتێکدا کە ئەم سیستەمە بە ڕەسەنترین و نیشتمانی ترین و مودێرنترین نمونەکانیەوە سەرتاپا دژی کرێکاری و چەپەڵ و هەتا کۆنەپەرستە و هیچ کامیان و تەنانەت باشترینیان، بەوەی

تەزویری تیا کراوە یان نەکراوە، بە هیچ جۆرێک نوێنەرایەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخواز ناکات. خودی ئەسڵی سیستەم و یاسا و میکانیزمی ڕەسمی و تەنانەت بە فەرز ئەگەر لەسەداسەد هەڵبژاردنەکەی بێتەزویریش بێت، فلتەرەیشنێکی هەیە و جۆرێک کار دەکات کە ڕێگا نادات نوێنەرانی واقعی ئەم خەڵکە بڕۆنە پەرلەمان، مەگەر زۆر بەدەگمەن. تازە ئەوەشی کە دەڕوات، سیستەمەکە هیچ زەمانەتێکی تیا نیە تا ئەگەر بە بەڵێنەکانیان پابەند نەبو، بگۆڕدرێت.وەکو سیستەمی شورایی نیە کە ئەگەر نوێنەران پابەندی بەڵێنەکانیان نەبوون، ئەو خەڵکەی دەنگی پیداون بتوانن بیانگۆڕن و کەسانی تر لە جێگایان دابنیین. بۆیە پەرلەمان ئەگەر هیچ تەزویریکیشی تیا نەکرێت، زۆر ئەسیڵ بێت، سەربەخۆ بێت.....ناتوانێ سیستەمی بەگڕخستنی ئیرادەی خەڵک بێت.

من ئینکاری لەوە ناکەم کە پەرلەمانی ئەوروپی و ڕۆژاواییجیاوازیەکی زۆریان لەگەڵ ئەمەی عێراق و کوردستاندا هەیە. بەڵام ئەو جیاوازیە کۆنەپەرستبونی مۆدێلە ئەوروپیەکەی ڕەتناکاتەوە. ئەگەر لە کارکردی پەرلەمانی ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتیدا جیاوازیەکی زۆر دەبینین، کە هەیە و واقعیە، هۆکارەکەی ئەوە نیە پەرلەمانی ئەوروپی لە ئەسڵدا خۆی ڕەسەن و پێشکەوتنخواز و سەربەخۆ و مودێرنە، بەڵکو کۆمەڵگاکەی مودێرنە، مێژویەک لە خەباتی بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازانە ئەوەی فەرزکردوە. شۆڕشی ئۆکتۆبەر زەختی لەسەریان داناوە. مێژوویەکی پێکەوەگرێدراو لە گۆڕانکاری ئەوانەی ناچارکردوە وابن. بەکورتی هەلومەرجەکە ناچاری کردوون کە کارکردێکی جیاوازیان هەبێت و یاسای زۆر جیاواز لەو یاسایانە پەسەند بکەن کە لە عیراق و کوردستان پەسەند دەکرێت.

پەرلەمان لە هەموو کۆمەڵگایەکدا نیسبەت بە کۆمەڵگاکەی و نیسبەت بە چاوەڕوانی خەڵکەکەی و نیسبەت بە بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی و ئازادیخوازانە کۆنەپەرستە. بێگومان پەرلەمان بەم خەسڵەتە کۆنەپەرستانەی خۆیەوە لەناو هەر هەلومەرجێک بێت، بە ناچاری کاریگەری ئەو هەلومەرجەی لەسەر دەبێت و ئەو کاریگەریەی پێوە دیاردەبێت. ئیمە لەکاتێکدا هەموو ئەمانەمان لاروونە، لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکەین بەبێئەوەی یەک تۆسقاڵخۆشباوەڕیمان بەرامبەر پەرلەمان هەبێت. ئیمە بۆ ڕیسواکردنی پەرلەمان بەشداری دەکەین، بەڵام ئەوانەی پەرلەمان دابەش دەکەن بۆ باش و خراپ، بۆ ڕەسەن و هاوردەکراو، بۆ کۆنەپەرست و پێشکەوتنخواز، دەکەونە هەڵویستێکی ڕاسترەوانەوە بەرامبەر پەرلەماناتاریزم. دروست وەکو ئەوانەی بەدوای بورژوازی میلی و پێشکەوتنخوازدا دەگەڕان. تەنانەت بۆ ئەوانەی کە جیاوازی نێوان پەرلەمان لە ڕۆژاوا و لەم وڵاتانەیان بۆ مەسەلە و گرنگە، ئەوە دەبێ پەرلەمانتاریزم لەم وڵاتانە بخرێتە ژێر گوشارێکی توندی ئەوتووە کە لەژێر کاریگەری ئەم گوشارەدا لایەنە هەرە قێزەون و کۆنەپەرست و زەلکاویەکانی گۆڕانی بەسەردا بێت. بەشداری دەتوانێ کاریگەریەکی بەمجۆرەی هەبێت نەک بایکۆت.

من لە بەرامبەر گشت ئەو پاساوانەی کە چەپی حاشیەیی دژی بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەیهێننەوە، تەئکید لەوە دەکەم، کە ئەگەر دەسەڵات و بە گشتی بورژوازی ڕێگری بۆ بەشداری ئیمە دروست نەکەن، نابێ خۆمان بە دەلیلی ماهیەتی کۆنەپەرستانەی پەرلەمان ڕێگری بۆ خۆمان دروست بکەین. بەپێچەوانە، تەنانەت ئەگەر دەسەڵات ڕێگریمان بۆ دروست بکات، دەبێ شەڕ بکەین لەسەر ئەوەی بەشداری بکەین. ئیمە هیچ خۆشباوەڕیەکیشمان لەوەدا نیە کە ئەگەر بەشداریش بکەین، ڕەنگە لەنیوەی ڕێگا ڕێگریمان بۆ دروست بکەن، بەتایبەت ئەگەر سەنگێکی بەهێزمان هەبێت و ببین بە گرفت بۆیان، لەوکاتەدا بێگومان دەکەوینە شەڕ و کێشمەکێش لەگەڵیان و هەرچی پێویست بێت دەیکەین. بەڵام نابێ خۆمان ڕێگری بۆ خۆمان دروست بکەین.

## پەرلەمان کۆڵەکەیەکی نیزامی سەرمایەداریە

من وادەزانم پەرلەمان و دیموکراسی پەرلەمانی یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی نیزامی سەرمایەداری هاوچەرخە. ڕەنگە ئەوەندەی دین خۆشباوەڕی و ناڕۆشنی هەبێت لەسەر دیموکراسی پەرلەمانی لەناو جەماوەری خەڵکدا.دامودەزگای تەبلیغاتی زەبەلاحی بورژوازی بەشانازیەوە ئەم سیستەمە پیرۆز دەکات. شانازی بەوەوە دەکات کە گوایە ئازادی بەرقەرارە، گوایە تەنها سیستەمە کە پلۆرالیزم فەراهەم دەکات. گوایە ڕای خەڵک ڕۆڵی هەیە. گوایە بە دەنگی خەڵک و بەشداری خەڵک حکومەت دادەمەزرێت. گوایە خەڵک بەشداری دەکات لە دەسەلات و بە هەزارو یەک شێوەی تر دەیرازێنێتەوە. بەمجۆرە لەگەڵ هەموو شێوەکانی تری دیکتاتۆریدا ئاوی تەبەروکی بەسەردا دەکەن، وەکو سیستەمێکی ئازاد و پێشکەوتنخوازی واقعی دەرخواردی خەڵکی دەدەن. بەکورتی ئیدعای ئەوە دەکەن کە دیموکراسی پەرلەمانی هەم نیزامیکی واقعی و مەلموسە و دەستەبەرە، هەم دیموکراسی و ئازادی هەڵسوڕانی ئەحزاب دابین دەکات و بە دەنگی خەڵک حوکمرانی دەکات.

ئەوە گرنگ نیە کە ئەمانە هەموویان پووچن و ئیمە دەزانین کە سیستەمی پەرلەمانی نەک هەر لە عێراق و کوردستان، بەڵکو لە ئەوروپاش، لە سویدی لانکی دیموکراسیش، یەک زەڕە نەیکردوە بە بەشداری خەڵک لە دەسەڵاتدا، خەڵکێکی زۆرهەرجارەی دەنگ بە حزبێک دەدەن هەر بۆئەوەی ئاڵوگۆڕێک بێت، بەڵکو وەزعەکەیان بۆ باشتر بکات، بەسەر حزبەکاندا دەسوڕێنەوە و هەر یەک دەورە دووەدەورە دەنگ بە یەکێکیان

دەدەن، هەموویان تەجروبە کردوە، بەلام نەک هەرهیچ باشبونێک ڕونادات، بگرە لە دەیان ساڵی رابردوداتا هاتوە، لەوکاتەوە فشاری سۆسیالیزمیان لەسەر کەم بوەتەوە، دۆخی خەڵک خراپتر بووە. بێگومان لیرە لە عیراق و کوردستان باسی نوینەرایەتی خەڵک و بەشداری خەڵک سەدجار پووچترە، بەلام بەداخەوە ئەم راستیە بۆ خەڵک دیار و بەرجەستە نیە.هێشتا خەڵک لەئاستێکی فراواندا وەکو باشترین و نەرمونیانترین شێوەی دەسەلاتداریتی واقعی چاو لە پەرلەمانتاریزم دەکەن. جگە لەم سیستەمە ئەوەی دێتە بەرچاویان دەولەتی سەرکوتگەری لەبابەتی رژێمی سەدام و ستالین و هیتلەر، پینوشە و خومەینی و ئەوانی ترە. بەشێکی زۆر فراوانی خەڵک وا دەزانن تەنها دوو بژاردە هەیە؛ یان رژێمی لەبابەت ئەوەی سەدام، یان دیموکراسی پەرلەمانی. بۆیە بێگومان ئەو خەڵکەی بەمجۆرە دەڕوانێ، لەنێوان ئەم دوو بژاردەیەدا پەرلەمانتاریزم هەڵدەبژێرن. ئێمە ناتوانین لەروانگەی خۆمانەوە کە ئەم سیستەمە بە پووچ و دارزیو دەزانین، ئیتر بڵێین کاری تەواو بوە و بەسەرچوە و ڕۆڵی نەماوە و ڕیسوایە و....تاد. ناچارین بۆ رەواندنەوەی ئەو خۆشباوەریە زۆرەی هەیە و بۆ ڕیسواکردنی هەوڵبدەین. بۆیە یەکێک لە دەرسە گرنگەکانی لینینلە تاکتیکی بەشداریدا، هەوڵدانە بۆ نیشاندانی ناوەڕۆکی پووچ و کۆنەپەرستانە و دژی کرێکاری و دژی خەڵکی ئەم سیستەمە.

بەم پێیە ئەو مەسەلەیەی کە من دەمەوێ جەختی لێبکەم، وە لەکۆتاییدا ئەنجامگیری عەمەلی لەم مەسەلەیە بکەم و زۆرم بۆ گرنگ و ئەساسیە، ئەوەیە کە لایەنیکی بنەڕەتی لە بەشداری لە هەلبژاردنی پەرلەمانیدا بریتیە لە لابردنی پەردە لەسەر ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانە و دژی خەڵکی پەرلەمان و سیستەمی پەرلەمانی. ئەمە لایەنێکی زۆر بنەڕەتیی ئەو تاکتیکەیە، ناڵێم تاکە بنەمایە، بەلام یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانیەتی. لە هەموو باسەکانی لنین دەربارەی بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا تەئکید لەسەر ئەم لایەنە دەکات و زۆریش بەرجەستەی دەکات. دەڵێ ئیمە بەکردەوە تەجروبەمان کرد کە تاکتیکی بەشداری، بێگومان لەوکاتەی کە گونجاوە، نەک هەر سودمەند بوو، بەڵکو زەروری بوو بۆ ریسواکردنی پەرلەمان، زەمینە خۆشکەر بوو بۆ تەفروتوناکردن و لەناوبردنی پەرلەمان. لەسەر ئەم بنەمایە من دواتر باسی دەکەم ئەگەر بەشداری بەجۆرێک ئەم مەبەستە زامن نەکات، یەکیک لە فاکتۆرە هەر گرنگەکانی رەوایەتی خۆی لە دەست دەدات. واتە ئەگەر بەشداری کۆمەک نەکات بەرەوینەوەی خۆشباوەری بە پەرلەمان، فاکتەرێکی سەرەکی بۆ بەشداری مەوزوعیەتی نامێنێ.

## دوو شێوەی سەرەکی بۆ ڕیسواکردنی پەرلەمان

دوو شێوەی سەرەکی هەیە بۆ کار لەسەر ئەم مەسەلەیە: یەکێکیان تەبلیغات و رەخنەی بەردەوامە، ئەگەر هەڵبژاردن هەبیت یان نەبێت، دەبێ بەردەوام پەرلەمان و سیستەمەکەی بکوتین و ماهیەتی بناسێنین و پەردە لەسەر ناوەرۆکە راستەقینە و چینایەتیەکەی هەلماڵین! بیگومان لەکاتی کەمپینی هەلبژاردندا فەزای گوێگرتن بۆ ئەمە زۆرتر دەبێت و دەبێ تەرکیزی لەسەر بکەین. بەرای من گفتدان دەربارەی ئەوەی لە پەرلەماندا ئالوگۆر بە قازانجی خەڵک دروست دەکەین، دەقیق نیە، چونکە ئەو ئیمکانە نزیکە لە مەحالەوە. گریمان ئێمە چەند کورسی پەرلەمانیشمان بەدەستهینا و بووین بە فراکسیۆنیک بەرامبەر چەندین فراکسیۆنی کۆنەپەرستی تر. بێگومان دەتوانیین بەهەر ئەندازەیەک بێت فەزاکە بگۆرین، بەلام ئەو ئەگەرە زۆر دوورە بتوانیین پرۆژە یاسا لە قازانجی کرێکار و خەڵک و ژن و ئازادی و مەدەنیەت بە ئەنجام بگەیەنین، نەک پەسەندکردن تەنانەت ئەستەمە بتوانیین بیخەینە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە بۆئەوەی خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بۆیە دروست ئەوەیە جەخت بکەین لەسەر ئەوەی لە پەرلەماندا شەر دەکەین لەسەر ئەم مەسەلانە، نەک گفتی ئەوەی ئالوگۆر دروست دەکەین کە نەک هەر سەختە بگرە ئەستەمە. بۆیە دەبی ئاگامان لەوە بێت کە باسی باشکردنی وەزعی خەڵک لەریگای پەرلەمانەوە، کەموکورت کەوتوەتە ناو تەبلیغاتی ئیمەوە و ئەوە دروست نیە. ئێمە دەبێ تەنها ئەو گفتە بدەین و ئەوە بەرجەستە بکەین کە ئەگەر برۆینە پەرلەمان شەر لەسەر مافەکانی خەڵک دەکەین.

بۆ شێوەی دووەمی لیدان لە خۆشباوەری بە پەرلەمان، بوون لە پەرلەماندا گرنگی زۆری هەیە، ئەگەر لەوێ بین و رووبەڕوو شەر بکەین لەسەر بەرژەوەندیەکانی خەڵک و شەرەکەمان بۆ خەلک گوزارش بکەین، برۆین پرۆژە یاسا بەرین و فراکسیۆنە بورژوازیەکان بخەینە بەردەم ئەمری واقع کە ئەوان دژایەتی ئەو بەرژەوەندیە بکەن و ئەو راستیانە بۆ خەڵک باس بکەین، لە مایکرۆفۆنی پەرلەمان کەلک وەرگرین بۆ شەر لەسەر مافی خەڵک، وە لەوەش گرنگتر ئەگەر ئیمە دوای چەند جارێک شەر و دەعوا و تەجروبەکردنی ئەو کێشمەکێشە، سەرئەنجام ئەگەر لە جیگایەک بلێین ئیمە رۆیشتین و شەری خۆمان کرد، بەلام سوودی نیە، پەرلەمان دژی هەموو مافیکی خەلکە و نایەتە پای ئەو مافانە، بۆیە مانەوە لەم پەرلەمانە بیسودە و ئیمە لە پەرلەمان دەکشێینەوە، ئەمە بە ئەندازەی چەند ساڵ تەبلیغاتی جدی کاریگەری هەیە بۆ لیدان لە وەهمی خەڵک بە پەرلەمان،بە شەرتێک شەری واقعی خۆمان کردبێت!

## بەشداری بۆچی؟

پێشتر باسم کرد کە هۆکارێکی سەرەکی بەشداری بۆ لێدانە لە خۆشباوەری بەرامبەر پەرلەمان. مانای

میحوەرێکی سەرەکی لە کەمپینی تەبلیغاتی ئێمە بۆ هەڵبژاردن، پێداگریە لەسەر پەردە هەڵماڵین لەسەر ماهیەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاریزم و ئەوەی کە پەرلەمانتاریزم باشترین سیستەمە و نوێنەرایەتی خەڵک و بەشداری خەڵک لە دەسەڵات دەستەبەر دەکات. مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و میحوەری دیکە لە تاکتیکی بەشداریدا کەلک وەرگرتنی چڕ و پڕە لە کەمپینی هەڵبژاردن بۆ ناساندنی حزب و سیاسەت و پەیام و پلاتفۆرم و کەسایەتی و رابەرانی حزب وە هەروەها جەدەل لەگەڵ رەوتە بورژوازیەکان، پەردە هەڵماڵین لەسەر ماهیەتیان و تاد.. ئەمەش تا ئەو جێگایە گرنگ و بنەڕەتیە کە ئەگەر بە دروستی کەڵکی لێ وەرنەگیرێ، ئەگەر بەشداری کۆمەک نەکات بەوەی حزب و سیاسەتەکانی و کەسایەتیەکانی بناسێنرێت، ئەگەر نەبێتە مایەی گەیشتنی دەنگی حزب بە کۆمەڵگا، ئەگەر نەبێتە مایەی بەهێزکردنی پەیوەندی حزب لەگەڵ خەڵکدا، ئەگەر پێی حزب رانەکێشێت بۆ ناو جەدەل و کێشمەکێشی ڕوبەڕو لەگەڵ رەوت و بزوتنەوە بورژوازیەکان، دیسان فاکتەرێکی دیکەی بەشداری مەیسەر نابێت و بەم رادەیەش بەشداری مەوزوعیەتی نامێنێ. بۆیە تەکید لەوە دەکەم کە ئەگەر تاکتیکی بەشداری ئەم دووفاکتەرە؛ واتە هەوڵدان بۆ پەردەهەڵماڵین لەسەر ماهیەتی پەرلەمان لەگەڵگەیاندنی دەنگی حزب بەکۆمەڵگا و جەدەلی ڕووبەڕوو لەگەڵ بورژوازی مەیسەر نەکات، ئیتر تاکتیکی بەشداری مەعنایەکی نامێنێ.

بۆیە من لە شەرحی ئیسپاتی ئەم تاکتیکەدا لە بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەردا باسی ئەوەم کردوە کە ئەم تاکتیکە بەوجۆرە راستە کە حزب بە بەهێزترین کەسایەتیەکانی وەکو کاندید بەشداربیت، هەموو حزب ئەو مانگە لە ئامادەباشیدا بێت، سەر بە هەموو کون وکەلەبەریکدا بکرێت، ئەوەی ووتاربێژە وتار بدات، ئەوەی دەتوانێ کۆڕ و سیمینار بگرێ، کۆڕ و سیمینار بگرێت، ئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە سەردانی خەڵک بکات، ئەوەی هونەرمەندە هونەرەکەی بنوێنێ و تا هەر کەس بە رۆڵی خۆی دەرکەوێ. ئەگەر ئەم کارەمان پێناکرێت، ئەگەر کاندیدی بەهێزمان نیە یان ئامادە نین کاندید بن، ئەگەر بەمجۆرە کەلک لەو دەرفەتە وەرناگرین یان ناتوانین وەریگرین، بێگومان بەمجۆرە هیچ شانسێکی ئەوەشمان نابێت کە دەنگ بهێنین. ئیتر بەشداری مەوزوعیەتی نامێنێ وە من خودی خۆم لەوحاڵەدا لەگەڵیدا نابم. راستە دەنگهێنان ئەسڵ نیە، بەڵام گرنگی زۆریشی هەیە. ئێمە گفت بە خەڵک دەدەین ئەگەر چوینە پەرلەمان لەگەڵ نوێنەرانی بورژوازی شەر دەکەین لەسەر مافەکانی ئێوە، کەوایە دەبێ کەسانێک بنێرینە پەرلەمان کە توانای ئەو شەڕە و پەیداکردنی دەستی باڵایان لەو شەڕەدا هەبێت.

## هەڵسەنگاندنی رەوتی تاکتیکی خۆمان

ئەگەر بێین لەم روانگەیەوە پشتیوانی ئەمجارەمان لەو کاندیدە سەربەخۆیە هەلسەنگێنین، ئیتر لایەن و خالە لاوازەکانی ئاشکرا و روونە. ئەم هەڵوێستە هیچ کۆمەکی نەکرد بە دەستەبەرکردنی هۆکارە سەرەکیەکانی کۆمۆنیزم بۆ بەشداری. من لەروانگەی باسەکانی خۆمەوە سەبارەت بە بەشداری و باسەکانی خۆم لە ئۆکتۆبەردا لەم مەسەلەیە دەڕوانم. لە جەدەلیش لەگەڵ نەیارانی تاکتیکی بەشداری، بەرگریم لەم پشتیوانیە نەکرد، چونکە بەدروستم نەزانی. بەهەرحال دەزانم ئەم تاکتیکە لەروی سیاسیەوە بە دەرەجەیەک ناوی حزبی مەترەح کرد. دەزانم لەرووی دابران لە نەریتی چەپی حاشیەیی گرنگی هەبوو. دەزانم حزب لە حیساباتی خەڵکدا جێگایەکی پەیداکردوە،..و...بەهەرحاڵ و بێگومان هەرکارێک لەکۆتاییدا لایەنی ئیجابی هەر هەیە. بەڵام ئیتر ناکرێت دروستی تاکتیکێک بەم ئیجابیاتە سادە و لاوەکیانە بپیورێت. ئەو دەسکەوتە بچوکانە رەوایی نادەن بەم تاکتیکە. دەبێ بەو مەبەستانە پێوانە بکرێت کە لەپێناویاندا تاکتیکەکە گیراوەتەبەر.

یەک مەسەلە دەبێ راشکاوانە تەئکیدی لەسەر بکەین، ئێمە وتومانە هەر حزب و لایەنێک تەبەنی پلاتفۆرمی ئێمە بکات پشتیوانی لێدەکەین. بەرای من ئەمە هەڵە بوو. رەخنەی نیوبەند فایدەی نیە. پێویستە روون و راشکاو و پەیگرانە بڵێین ئەم بەشەی ئەو تاکتیکە هەڵە بوو. من لە باسەکانی خۆم لە ئۆکتۆبەردا نەچومە سەر ئەم لایەنانە و بەرگریم لەم مەسەلەیەش نەکرد، چونکە ئەگەر قسەم بکردایە دەبوو رەخنەی لێبگرم. ئەمەش بۆ من گونجاو نەبوو وەکو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی، بەڵام بەرای من ئەو هەنگاوەمان هەڵە بوو، چونکە هیچ یەک لە مەبەستەکانی کۆمۆنیزم بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن مەیسەر ناکات. من بۆیە پێشتر باسی ئەوەم کرد کە ریسواکردنی پەرلەمان سەرەکیە لەروانگەی لینینیزمدا، وە هەروەها بۆیە باسی ئەوەم کرد کە چاوەروانی لەوەی لەرێگای پەرلەمانەوە ئالوگۆری جدی بکرێت بە قازانجی خەڵک نزیکە لە مەحالەوە، تا ئەو ئەنجامە بێتە دەستمان کە پشتیوانی لە ئەحزابی تر لەسەر بنەمای تەبەنیکردنی پلاتفۆرمی ئێمە، بە هیچ جۆرێک ناتوانێ ڕێگایەک بێت بۆ ریسواکردنی پەرلەمان، چونکە هیچ لایەنێکی تر تەنانەت ئەگەر بە جدیش تەبەنی پلاتفۆرمی ئێمە بکات،تەنانەت ووشەیەک لەسەر پووچی پەرلەمان و پەرلەمانتاریزم نالێت.ئاشکرایە لای ئەوان پەرلەمان سیستەمێکە بۆ نوێنەرایەتیکردنی خەڵک لە حوکمرانیدا، پەرلەمان لەڕوانگەی هەموو لایەنەکانی ترەوە جگە لە خۆمان، رەنگە باشترین سیستەم بێت بۆ حوکمرانی، تەنانەت رەنگە پیرۆزی بکەن. کەوایە چۆن دەکرێت چاوەڕوانی ئەوەمان لە لایەنێکی تر هەبێت کە خۆشباوەڕی بە پەرلەمان برەوێنێتەوە لەکاتێکدا کە خۆی نەک دژی خۆشباوەری بە پەرلەمان نیە، بەلکو رەنگە تەقدیسی پەرلەمان بکات.؟! تەنانەت ئەوپەرەکەی ئەگەر بەراستی و بە جدیش بەرگریان لە پلاتفۆرمی

ئیمە کرد، کە ئەکید هیچ کاندیدێکی غەیرە کۆمۆنیست بەرگری پەیگیرانە لە پلاتفۆرمی کۆمۆنیزم ناکات، بەڵام گریمان کردیان، وەکو باسمان کرد، تەنانەت ئەگەر خۆشمان بڕۆینە ناو پەرلەمانەوە هێشتا ئەوە دەروازەیەکی زۆر تەنگ و بچوکە کە لەڕێگای پەرلەمانەوە ئالوگۆڕ بە قازانجی خەڵک پێکبهێنین. تازە ئەگەر ئەمەش کرا، واتە وەکو فەرز گریمان جدی و پەیگیر بەرگریان لە پلاتفۆرمی ئیمە کرد و گریمان ئەم بەرگریە پەیگیرە سودێکیشی هەبێت بۆ خەڵک، کە بێگومان ئەمە ئەگەر رووبدات بایەخی خۆی هەیە و من نامەوێ نادیدەی بگرم، بەلام ئەوەی کە لایەنیکی تر، تەنانەت لەسەر بنەمای تەبەنیکردنی پلاتفۆرمی ئیمە قازانجیک بە خەڵک بگەیەنێت، هەمان شت نیە کە ئەگەر حزبی خۆمان ئەوکارە بکات؟! قازانجەکەی بۆ خەڵک باشە بەلام چاوەڕوانی ئەوەمان نەبیت بەوە پێگەی حزب بەهێز بێت. ئەگەر پێگەی حزبێکی پێ بەهێز بێت، هەر ئەو حزبەیە کە بەرگریەکە دەکات.

تازە خۆتان دەزانن کە مەجرای عەمەلی ئەم تاکتیکەی ئیمە ئەرز و ئاسمان فەرقی بوو لەگەل ئەم فەرزانەی باسم کرد، بۆیە رەخنەکەی من لەوە ئەولاترە کە ڕێکەوتنەکەمان لەگەل حزبی شیوعی و تەبەنیکردنی ئەوان بۆ پلاتفۆرمەکەی ئیمە، چەندە رووبەکۆمەڵگا جدی بوو وە جدی وەرگیرا. یان کاندیدەکەمان چ پەیگیریەکی لەخۆی نیشاندا بۆ تەبەنیکردنی پلاتفۆرمی ئیمە و تەبلیغ کردن بۆ ئەو پلاتفۆرمە و یان چ خاڵێکی لاوازی تری لە خۆی نیشاندا، چونکە ڕەنگە ئەوە بمانخاتە ناو رەخنەی پینەوپەرۆوە، رەنگە وەلامەکەی بکات بەوەی کە هیچ کاندیدێک و بژاردەیەکی ترمان نەبوو. لە وەلامدا منیش دەڵێم بریار نەبوو بەهەر نرخێک بەشداری بکەین. من لەم بارەیەوە تەنها دەمەوێ وەکو دەرس وەرگرتنێک لەم ئەزمونە تەئکیدێکیش لەوە بکەم، کە لە مامەڵەمان لەگەل ئەحزابی بورژوازیدا، بە هەموو باڵ و رەوتەکانیەوە، دەبێ زۆر دەقیق و حیساب و کیتابمان زۆر مەحکەم و بە بەڵگە بێت. دەمەوێ جەخت لەوە بکەم کە حزبی ئیمە بە هەموو مێژووی خۆی حزبێکی جدی و پەیگیرو لیبڕاو و موعتەبەرە، دەبێ هەر بەوجۆرە رایگرین. یەکیتی و پارتی ٣٠ ساڵ، نە بە فشاری سیاسی و سەربازی و نە بە گفتی ئیمتیاز نەیانتوانیوە یەکجار یەک بەلێ لە ئیمە بۆ هیچ کار و تاکتیک و سیاسەتێکیان بەدەست بهێنن. لە دەورانی شەڕی ناوخۆدا چەندینجار یەکیتی و پارتی ١٠-١٥حزبیان کۆ دەکردەوە کە کاغەزی سپیان پێ ئیمزا دەکردن، تەنها نوێنەرانی ئیمە بوون، واتە هەر ئەم هاوڕێیانەی لیرە دانیشتون لەگەڵ هاوڕێیانیکی تری وەکو تاهیر حەسەن و ناسک ئەحمەد و شاپو عەبدولقادر و...و... دەچوونە ئەو کۆبونەوانەوە و حزبەکانی تر سەریان سوڕدەما لە پێداگری و مەبدەئیبونی حزبی ئیمە. دەبێ ئەم لیبڕاوی و پەیگری و مەبدەئیبوونەمان تەنانەت لەگەڵ ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیشدا، هەتا لەو حاڵەتانەشدا کە رەنگە کاریکی دیاریکراوی هاوبەش بکەوێتە نێوانمانەوە، لەجیگای خۆی بێت. حیساب و کیتابمان رۆشن و راشکاو و بەڵگەدار بێت. لەم بارەیەوە ئەمجارە لە مامەڵەمان لەگەل حزبی شیوعی عێراق و کوردستاندا بێدیقەتی و ئەشکالاتیک دەبینم کە بێگومان دەبێ وەلابنرێن.

## ئیمە بانگەواز ناکەین بۆ بەشداری لە دەنگدان!

هاوڕێیان! یەک مەسەلەی تر هەیە کە دەمەوێ سەرنجی ئێوەی بۆ ڕاکێشم، ئیمە خەڵک هان نادەین و بانگەوازیان ناکەین کە بەگشتی برۆن بەشداری دەنگدان بکەن! بریا خەڵک خۆشباوەڕی بە پەرلەمان و پەرلەمانتاریزم نەبوایە و ئیمە بەبێ ئەوەی ناچاربین بەشداری هەڵبژاردن بکەین بۆ ریسواکردنی پەرلەمان، بمانتوانیایە هێزێکی بەرینی کۆمەلایەتی بهێنینە مەیدان بۆ پەکخستنی هەڵبژاردن و پەرلەمانتاریزم. ئەمە کاری ئیمەی ئاسانتر دەکرد، واتە ئەگەر رۆڵی پەرلەمان و خۆشباوەڕی بە پەرلەمان برەوێتەوە وەدەوری پەرلەمان بەواقعی بەسەربچوایە،ئەوکات سەنگەر و قەڵایەکی بورژوازی لەبەردەم شۆرشی کرێکاریدا هەرەسی دەهێنا، رەوتی شۆڕشی کریکاریی هەموارتر و کراوەتردەبوو. بۆیە ئیمە بەپێچەوانەی لایەنە بورژوازیەکانەوە کە جگە لە پروپاگەندەکردن بۆ خۆیان، بەگشتی بانگەوازی خەڵک دەکەن بۆئەوەی برۆن بەشداری دەنگدان بکەن و رێژەیبەشداری خەڵک لە هەڵبژاردندابەرنە سەرەوە و ئەمە بە سەرکەوتنی پرۆسەکەیان دەزانن.لەسەر ئەم بنەمایەزۆرجار دەڵین: خەڵکینە ئەگەر دەنگ بە ئیمەش نادەن، هەر برۆن بەشداری بکەن و دەنگ بدەن بەو لایەنەی دەتانەوێ!ئیمە نەک بانگەوازی خەڵک ناکەین کە بەشێوەیەکی گشتی بەشداری دەنگدان بکەن، بەڵکو دەمانەوێ خۆشباوەڕی خەڵک بەم پرۆسەیە برەوێنینەوە. ئیمە بۆ ئەوە هەوڵدەدەین کە کرێکاران و خەڵک بە هوشیاریەکی سیاسی و چینایەتیەوە بەرامبەر ماهیەت و ناوەڕۆکی پەرلەمان، تەنهاو بە تەنها بۆ دەنگدان بە ئیمە بەشداری دەنگدان بکەن. بۆیە ئەم تەئکیدە دەکەم، کە نەک لە تەبلیغاتی رەسمی حزب، بەڵکو پۆستی هاوڕێیانێک دەکەوتە بەرچاوم کە جۆریک باسی ڕێژەی باڵای بەشداری خەڵکیان دەکرد، کە دەتوانێ بچێتە خانەی هاندانی خەڵک بەگشتی بۆ بەشداری لە دەنگدان. یان دڵخۆشی بە ڕێژەی باڵای بەشداری خەڵک!بۆرژوازی بەگشتی ئەم کارە دەکات بۆ بەهیزکردنی مەشروعیەتی پرۆسەی دەنگدان و سیستەمی پەرلەمانی، ئیمە بەپێچەوانەوە دەمانەوێ ئەم سیستەمە بیروکرات و گەندەڵ و کۆنەپەرست و ستەمکارە، ریسوا و نا مەشروع بکەین. دەمانەوێ خەڵک نەک لە ئەنجامی نائومێدی و لاموبالاتی، بەڵکو بە هوشیاریەکی سیاسی و چینایەتیەوە دژی ئەم سیستەمە بوەستنەوە و

تەنانەت بەو هوشیاریەوە بەشداری بکەن و دەنگ بە ئێمە بدەن، بۆ ئەوەی بتوانین پەرلەمان ڕیسوا بکەین.

دەمەوێ قسەکانم بەوە تەواو بکەم کە دەبێ دەرسی جدی لەم ئەزمونە وەرگرین، مەسەلەی بەشداری لە هەڵبژاردن جدی بگرین، تەرتیباتێک بکەین کە بەردەوام نەک تەنها لەکاتی هەڵبژاردندا، بەردەوام کار لەسەر ئامادەکاری هەموو لایەنەکانی بکات، مەرجە قانونیەکانی دابین بکات، دەنگدەرانی ئێمە هاندات بۆئەوەی کارتی دەنگدانیان هەبێت، کاندیدەکانمان ئامادە بکات، بە بەرنامە و پلانەوە بیان ناسێنین، ئیمکانیەتی مالی بۆ دابین بکات. بێگومان ئەمە مانای ئەوە نیە لە هەموو هەڵبژاردنێک بەبێ هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی هەلومەرج بەشداری دەکەین، بڕیارەکە هەڵدەگرین بۆ لێکدانەوەی موشەخەس بۆ هەلومەرجی موشەخەس، بەڵام دەبێ خۆمان هەمیشە ئامادەبین. ئێمە بۆ مەسەلەی بەشداری بەستەڵەکیکمان لەبەردەم خۆمان تواندوەتەوە، تازە پاشەوپاش ناگەڕێینەوە، بەڵام مانای ئەوە نیە لە پێشەوە بڕیارماندابێت لە هەموو هەلومەرجێک و لە هەموو هەڵبژاردنێک بەشداری دەکەین.

کۆتا قسەشم ئەوەیە کە ئەگەر ناتوانین ئەم جۆرە بەشداریە زامن بکەین؛ واتە کاندیدی باش و بەهێز چ لەناو حزب و چ لەدەرەوەی حزب، سوودی گەورە لە کەمپینی تەبلیغاتی بەوجۆرەی باسمان کرد هەم بۆ لیدان لە خۆشباوەری بە پەرلەمان، هەم جیدالی سیاسی و جدی لەگەڵ بەدیلە بورژوازیەکاندا، هەم گەیاندنی پەیامی حزب بە کۆمەڵگا و هەم ناساندنی کەسایەتی و ڕابەرانی حزب بە خەڵک. ئەگەر ئەمەمان بۆ ناکرێت، من کە زۆر ساغ و بڕاوم لەسەر ئەم تاکتیکە، ئەوکات لایەنگری بەشداریکردن نیم. ئەمە ئاخر قسەمە.

★

# ڕێکەوتنی نێوان یەکێتی و نەوەی نوێ، هەوڵێکی بێئاکام!

## نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

دوای چەندین کۆبونەوە لەنێوان یەکێتی و نەوەی نویدا، بە ڕەشنوسی ڕێکەوتنێک گەیشتوون، کە دەیانەوێت وەکو بلۆکێک لە بەرامبەر بە پارتی دەربکەون. ئامانجی یەکێتی و نەوەی نوێ لەو ڕێکەوتنەی نێوانیان، گوشار هێنانە بۆ پارتی لەژێرناوی ڕاستکردنەوەی ڕێرەوی حکومڕانی و گێڕانەوەی باڵانسی هێز لە هەرێمدا.

دیارە ئەوە ڕاستیەکە کە پارتی زۆربەی هەرە زۆری جومگەکانی دەسەڵاتداریتی لە هەرێمدا لەدەستی خۆیدا قۆرغ کردووەو بڕیاری سیاسی بەکردوەوە چ لە پەیوەند بە بەغداو چ لە ئاستی ناوچەکەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەدەست خۆیەتی، بەڵام هاوکات ئەوەش ڕاستییەکە کە یەکێتی نیشتیمانی خاوەنی قەڵەمڕەوی خۆیەتی لە زۆنی سەوزدا و کاریگەری بڕیار و دەسەڵاتی پارتی بەسەر زۆنی سەوزدا، لاوازە لە ئاستی نەبووندایە، هەروەک چۆن ڕۆڵی یەکێتیش لە زۆنی زەردا لاواز و لە ئاستی سفردایە.

یەکێتی دەیەوێت لە پەیوەند بەدەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا و لەپەیوەند بە وڵاتانی ناوچەکەو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی جێگەوڕێگەیەکی باشتری پێ بدرێت و پەراوێز نەخرێت. ئەوەش بەوە دەزانێت، کە ئەگەر لە حکومەتی دیکۆردا، دەستی لەچەند پۆستی باڵادا جێگیر بێت وەکو سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی هەرێم، وەزارەتی ناوخۆ... ئەوا دەتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر ئامادەیی لە ئاستی عێراق و ناوچەکەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، پەیدا بکات و خۆیشی وەکو هاوبەش لە دەسەڵاتی هەرێمدا بخاتەروو.

یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی یەکێتی لەگەڵ پارتی بەدوای ٣١ ئابی ساڵی ١٩٩٦ وە، هەر ئەوەیە کە دەیەوێت باڵانسی هێزی خۆی بگرێتەوە بۆ پێش ٣١ ئاب و خاوەنی نیوە بڕیار بێت لە هەرێمدا، بۆ ئەو مەبەستەشی کەڵک لە قەڵەمڕەوەی دەسەڵاتی بەسەر زۆنی سەوز و پێگەی سیاسی و ڕابردووی خۆی وەردەگرێت و ئامادە نییە، بەپێی ئاکامەکانی هەڵبژاردن!! و ژمارەی کورسی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

لەو ململانێی دەسەڵاتەدا یەکێتی چەند جاری تر پرسی نزیکبوونەوە و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هێزی تر هێناوەتە گۆڕێ بۆ گوشار خستنە سەر پارتی، لەوانە لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان، بەڵام لەلایەکەوە بەو هۆیەوە مەیدان و پێگەی ئەو هێزانە زۆرتر زۆنی سەوز بووە و لەلایەکی تریش هەڵگری ئەلگۆ و فۆرمێکی جیاوازی دەسەڵات لە پارتی نەبوون، ناکام ماونەتەوە. لەئێستاشدا کە نەوەی نوێ خاوەنی ١٥ کورسی پەرلەمانە!! دەیەوێت بە ڕێکەوتن لەگەڵیدا گوشار لە پارتی بکات بۆئەوەی هەندێک لە مەرجەکانی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت و دەستی بە پۆستی باڵا لە حکومەتی!! داهاتووی هەرێمدا بگات.

یەکێتی دەزانێت کە پرسی پێکهێنانی حکومەت "بەهەر ناوەرۆکێکەوە" زۆرتر ویستی پارتییە. پارتی بەوپێیەی خۆی بە پرسی کورد و بڕیاری سیاسی لەناوخۆ و ململانێی لەگەڵ بەغدا و مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو هەرێم دەزانێت و هەڵواسیووە، زۆرتر خۆی لە ژێر گوشاری بۆشایی ئیداری و حکومەتداریدا!! دەبینێتەوە و دەیەوێت ئەوە نیشان بدات کە بەدوای پیکهێنانی حکومەت و

کاراکردنەوەی پەرلەمان و گێرانەوەی شەرعیەتە بۆ دەسەڵاتی هەرێم. لەو دۆخەدا یەکێتی دەیەوێت کەڵک لەو گوشارە لەسەر پارتی وەربگرێت، بەڵام ئەمە بەتەنها بە یەکیتی مەیسەر نابێت، بۆیە دەیەوێت لە ڕێگای هاوپەیمانیەتی لەگەڵ نەوەی نوێ و بە پێوانەی نزیکبوونەوەی کورسیەکانی لەگەڵ پارتی، ویستی خۆی دابسەپێنێت. بۆ نەوەی نوێش کە هێزێکە زۆرتر پانتایی هەڵسورانی لە زۆنی سەوزەو دەرگیرە لە گوشارەکانی یەکێتی لە پەیوەند بەچەندین پرسی یاسایی و سیاسی، بە نزیکبوونەوە لەگەڵ یەکێتی و هاوپەیمانیەتی بەستن، ناکۆکیەکان و ئەو دۆسیانەی لەسەر سەرۆکی نەوەی نوێ هەیە، سفر بکاتەوە، و لەپاڵ یەکێتیدا وەکو هێزی دەسەڵات بەدەستی زۆنی سەوز لە خێرو بەرەکەتی کابینەی دەهەمیش بەهرەمەند بێت. یەکێتی لەم ڕێکەوتنەیدا دەیەوێت کەڵک لە نەوەی نوێ و کورسیەکانی وەربگرێت و لەوەش زیاتر جڵەوی جموجۆڵ و ئاستی چالاکیەکانی نەوەی نوێ لەژێر سایەی دەسەڵاتەکەیدا بکات.

ئەوەی کە شانس نادات بەو هاوپەیمانیەتیەی نێوان یەکێتی و نەوەی نوێ، هەروەکو شانسی نەدا بە گۆران و یەکێتی و ڕێکەوتنی نێوانیان، ئەوەیە ئەو هێزانە قەڵەمرەوی دەسەڵاتیان سنوردار و لەیەک زۆندایە و ناتوانێت باڵانسی هیز بگۆڕێت، لەوەش زیاتر ئەزموونی دەسەڵاتیان لە زۆنی خۆیاندا، ئەزموونێکی شکستخواردووە.

باسی ڕاستکردنەوەی باڵانسی هێز، لەلایەن یەکێتی و نەوەی نوێ، هەوڵێکە بۆ بەشداری زیاتر لە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و پۆستەکانی داهاتووی کابینەی دەهەمدا، کە ئەوە دوور و نزیک پەیوەندی بەخواستەکانی خەڵکی کوردستانەوە نییەو ڕێگایەکیش نییە بۆئەوەی باڵادەستی پارتی بەسەر بریاری سیاسی هەرێمدا کەم بکاتەوە، چونکە لە بنەرەتدا دەسەڵات بەدەستی کابینەکان و حکومەت!! و پەرلەمانەوە!! نییە، بەڵکو پشتی بە هێزی چەکدار و ئەمنی و قورغی داهاتی زۆنەکان و قاچاخچێتی و خۆبەستنەوە بە جەمسەرە ناوچەییەکانەوە، بەستووە.

تا ئەو جێگایەش کە یەکێتی و نەوەی نوێ باسی راستکردنەوەی حکومرانی هەرێم تیکەڵ بە پرسی راستکردنەوەی باڵانس و هاوسەنگی هێز دەکەن، دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە فریوکارییەکی ئاشکرا دەرخواردی کۆمەڵگە بدەن. حکومرانی هەرێم، حکومرانیەکی حزبی و بنەماڵەیی و میلیشیاییە، هیچ چاکسازیەک و گۆرانکارییەکی ئەرێنی هەڵناگرێت، بەڵکو پێویستی بە ڕاماڵینی تەواوی ئەو فۆرم و ئەلگۆیە لەدەسەڵات هەیە، کە بۆتە مۆتەکە بەسەر سەری خەڵکی کوردستان و کۆسپی بەردەم گۆرانکاری لە بەرژەوەندی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان.

بەکورتی رەشنووسی ڕێکەوتنی یەکێتی و نەوەی نوێ، ئەگەر بە ئاکامیش بگات و واژۆ بکرێت، هیچ لەو راستیە ناگۆرێت، کە ناتوانێت پایەداربێت و هیچ گۆرانکارییەک بەسەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێمدا بهینێت، خودی هێزەکانی سیاسی بۆرژوازی لەهەرێمدا لە هەردوو زۆنەکە بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە کۆسپی بەردەم هەر گۆرانکارییەکی ئیجابین. جیا لەوانە حکومەتی دیکۆر و پەرلەمانی نمایشیش لە هەرێمدا، بەبێ پارتی و یەکێتی وەکو دوو هیزی خاوەن دەسەڵاتی دوو زۆنی لێکدابراو بەجێگایەک ناگات.

★

# کوردستانی سوریا؛ ڕێکەوتنی هەسەدە و حکومەت و ئایندەی دەسەڵات!

## نوری بەشیر

هەلومەجی سوریا پێیناوەتە قۆناغێکی نوێوە، چ لەپەیوەند بەجێگاوڕیگای حکومەتی سوریا یان مەسەلەی کوردەوە، کە هەردووکیان لەچوارچێوەی سیاسەتێکی جیهانی و ناوچەییدا دەچێتە پێشەوە کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیانە. واتە ئاڵوگۆڕەکان بۆ حکومەتی سوریا و دەسەڵاتەکەی جولانی ( ئەحمەد شەرع) وەک کەسایەتی و رژێمێکی ئیسلامی داعشی نوێنەرایەتی ئەو بەرژەوەندیانە دەکات و لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتانەدا کاردەکات، بەهەمانشێوەیەش لەم هەلومەرجەدا هەر ڕێکەوتن و سازانێکی حکومەتی جولانی لەگەڵ هەسەدە ناتوانێت لەدەرەوەی ئەو بەرژەوەندیە جیهانی و ناوچەییانەی ئەمریکادا بێت لەئێستادا.

بۆ هەمووان روونە کە سیستەمی چینایەتی دنیای چەند جەمسەری ئەمڕۆ چەند کۆنەپەرستانەو دژی مرۆڤایەتیە، بەشەڕو ئاشتیانەوە خاڵێک نابینرێت لەبەرژەوەندی چینی کرێکاو کەمدەرات و ئازدیخوازی و مرۆڤایەتیدا بێت. ئەم هەلومەرجە ترسناکە زۆر بەئاشکراو بەبەرچاوی جیهانەوە لە سوریاو کوردستانی سوریاو مامەڵەکردن بە مەسەلەی ژیان و گوزەران و ئایندەی خەڵکەوە دەردەکەوێت.

ئەوەندەی بە کێشەی کورد لە ناوچەکدا دەگەڕێتەوە، یەکێکە لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەک کێشەی فەلەستین کێشەیەکی ئاڵۆزو مەترسیدارە، مەسەلەی کوردیش بەردەوام بەهۆی سیاسەتی سیستەمی سەرمایەداری ئەمڕۆو لەچوارچێوەی ئەو بەرژەوەندیانەدا خۆی نیشاندەدات و دەچێتە پێشەوەو بەردەوام ترسی دووبارە بوونەوەی کوشتارو ئاوارەیی و برسێتی و پاشەکشە پێکردنی هەیە.

مانەوەی کێشەی کورد لە سوریا بەشێوەی ئەمڕۆو بە هەڵواسراوی و نادیاری، کاریگەری لەسەر خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی سوریا دادەنێت، کە دەلیلە لەسەر بوونی رژێمێکی ناوەندی کە جێگای خواستی خەڵکی هەموو سوریا نیە، هەروەک ئەوەی کە بوونی رژێمێکی قەومی ئیسلامی داعشی چۆن بەدژی زۆربەی خەڵکی سوریایە ئاواش بەدژی کوردی ئەو وڵاتەیە.

روونە کە حکومەتەکەی جولانی حکومەتێکی دڵخوازی ئەمریکاو هاوپەیمانە ناوچەیی و جیهانیەکانیەتی، نەک رێگر نیە لەبەردەم نەخشەکەیاندا لە ناوچەکەدا، بەڵکو بەهۆی ئەو نەخشەیەوە هاتۆتە سەرکارو بەتەواوی هاوکارو هاورایە لەگەڵیان. بۆ ئەوان مەسەلەی ئەساسی رژێمی ناوەندەو یەکپارچەیی سوریاو بوونی هەر هێزو لایەن و قەوارەیەک دەبێت لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەواندا بچێتە پێشەوە، واتە ئەگەر پێشتر هەسەدەو کوردەکانی سوریا هاوپەیمانی ئەمریکا بوون لە دژایەتی داعش و تیرۆردا، ئەوا ئەمڕۆ بۆخۆی داعش و تیرۆرەکەی کە جولانی نوێنەرایەتی دەکات لەدەسەڵاتدایە، بۆیە مەسەلەی هاوپەیمانی هەسەدە و کوردەکان بۆ ئەمریکاوهاوپەیمانەکانی جێگایەکی نەماوە. ئەگەر دەورەیەک هەسەدە لەچوارچێوەی شەڕ دژی داعشدا، جێگایەکی پەیدا کرد لە سیاسەتی ئەمریکاداو پشتیوانی و هاوکاری کرا، بەڵام ئێستا ئیتر سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە کە هەسەدە دەبێت بچێتە ناو حکومەتەکەی شەرع و هێزەکانی تێکەڵ بە وەزارەتی بەرگری سوریا بکات و کۆنترۆڵی حکومەتی سوریا بۆ سەرجەم ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە کە لەژێردەستی هەسەدەدا بووەو هەیە! بۆیە تەنها ئاسۆیەکی سیاسی کە هەسەدە هەیەتی لەم دەورەیەدا ئەوەیە کە لەگەڵ حکومەتی شەرعدا رێک بکەوێت. بەوجۆرەش ئەوەی پێی دەوترێت ئەزموونی رۆژئاڤا، ئیتر ناتوانێ وەکو خۆی بمێنێتەوەو دەسەڵاتی هەسەدە دەبێتە بەشێک لە سیستەم و دەسەڵاتی حکومەتی سوریا!

واتە ئەمریکا ئەمەی دەیکات ئەوە نیە کە تەنیا دەستبەرداری کوردەکانی سوریا و هەسەدە بووە، بەڵکو لەبنچینەدا دەسەڵاتێکیان دامەزراندوە کە خۆی بە دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامی سونە دەزانێت و لەسەر ئەساسی هاوڵاتیبوون دانەمەزراوە، واتە دژی زۆربەی خەڵکی سوریایە بە کوردو ئەوەی پێی دەڵێن عەلەوی، دورزی، کریستیان، ...هتد هەر بۆیە ناکرێت لەچوارچێوەی رژێم و دەسەڵاتێکی لەوجۆرەدا چاوەڕوانی زیاتر لەوە بکرێت کە خەڵکی کوردستانی سوریا بە مافەکانی خۆیان و هەتا مافە ئینسانیەکان بگەن کە خەڵکی سەراسەری سوریا لێی بێبەرین.

کێشەی کوردستانی سوریا بەدوای کۆبوونەوەکانی پاریس و میونیخ دا زۆر چووەتە دواوە، کراوە بە مەسەلەی ناوخۆیی سوریاو لە چوارچێوەی حکومەتی سوریادا دەبێت بچێتە پێشەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت.

کۆبوونەوەی پاریس کە لە ٦ی جەنیوەری ٢٠٢٦ ئەنجام درا، رێکەوتنی نێوان ئیسرائیل و حکومەتەکەی جولانی لەژێر سەرپەرشتی ئەمریکادا بوو لەبەرژەوەندی ئیسرائیل. ئەوەبوو ناوچەیەکی زۆری خوارو و خوارووی رۆژئاوای سوریا درا بە ئیسرائیل لەبەرامبەر بێدەنگکردن لەمەسەلەی کوردا. دوای ئەوە هێرش کرایە سەر دوو گەڕەکی کوردنشینی حەڵەب (شێخ مەقسود و ئەشرەفیە)و فشاریان خستە سەر هەسەدە بۆ چۆڵکردنی هەردوو پارێزگای رەققەو تەبقە و تەنانەت ئەگەری هێرش بۆسەر باقی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی هەسەدە هەبوو. خەریک بوو کۆمەڵکوژیەکی گەورەی کوردەکان بکەن، چۆن لەدژی دورزەکان و عەلەویەکان ئەنجامیاندا، ئەگەر نارەزایەتیە جیهانی و ناو کوردستان و ئامادەیی بەرگری خەڵکی خۆراگری کودانی سوریا نەبوایە. ئەگەرچی هێرشەکانی حکومەتی جولانی وەستاوە بەڵام ئەگەری دوبارەبوونەوەی دوور نیە لەحاڵەتی رێکنەکەوتنی هەسەدەو حکومەتدا!

لەکۆبوونەوەی میونیخدا لە ١٣ تا ١٥ی فیبریوەری ٢٠٢٦، دا وا نیشاندرا کە کێشەی کورد لەسوریا چۆتە پێشەوە ئەویش بە بەشداری دوو سەرکردەی هەسەدە: مەزلوم عەبدی و ئیلهام ئەحمەد لە کۆبونەوەکەدا. بەڵام بەپێچەوانەوە هەر وەک کۆبوونەوەی پاریس، مەسەلەی کوردی بردە دواوە، بەڵام ئەمەیان بەشێوەی ئاشتی بووە و ناچارکردنی هەسەدە بۆ ملدان بە رێکەوتن لەگەڵ شەرع لە چوارچێوەی سیاسەتێکدا کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەسوریادا دەیانەوێت ببەنە پێشەوە. بەڵام ئێست کە هەسەدە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆی بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکادا گرێداوتەوە، دەتوانێ لەدەرەوەی سیاسەتی ئەمریکادا لە ناوچەکەو لە سوریادا و لەناو بەرژەوەندیە ناوچەییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانە تەقلیدیەکانی وەکو تورکیاو وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا شتێکی دیکە بکات!؟ ئەم ئەگەرە کەمتر لە واقعیەوە نزیکە بۆ هەسەدە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد لە سوریا، وەکو هەندێ لە سیاسەتمەدارو رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی کورد بانگەشەی دەکەن و هەروەها ستایشکردنی شێوازی دەسەڵاتداریێتی هەسەدە بە بەراورد بە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی، لەراستیدا سەرباری ئەوەی کە هاوسۆزیەک بۆ پرسی کورد لە سوریا دوای رووداوەکانی ئەم دواییانەو خۆپیشاندانە جەماوەریەکان لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات، دروست بووە، سەرباری ئەوەی کە هەسەدە لەچاو دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا چەندین لایەنی پۆزەتیفی هەیە، وەکو وەستانەوە بەرامبەر داعش و کۆنەپەرستی ئاینی، کاڵبوونەوەی گوتاری نەتەوەپەرستی کوردی و رەچاوکردنی پێناسەی هاوڵاتی و جۆرێک لە ئازادی بیروباوەر و هەروەها لەبەرچاوگرتنی پێگەیەکی یەکسانتر بۆ ژنان لەگەڵ پیاواندا ... بەڵام سەرەنجام هەسەدە بزوتنەوەیەکی سیاسی

ناسیۆنالیزمی کوردە لە سوریا و ناتوانێ دژ بە بنەماکانی سیستەم و دەسەڵاتی بۆرژوازی و یاسا و نەریتەکانی بوەستێتەوە و بەرگریبکات... هەروەکو چۆن پرسی کورد لە سوریا ناتوانرێ لەچوارچێوەی کۆمەڵگ مافی کەلتوری و فەرهەنگیدا و بەشداری هەسەدە لە دەسەڵاتی حکومەتی سوریادا چارەسەر بکرێ. کێشەی کورد لە سوریا سیاسیەو دەبێ بەشێوەی سیاسی وەڵام وەربگرێتەوە. سیاسەتی ئەمریکاو دەوڵەتانی رۆژاوا چارسەری سیاسی ئەم پرسە نیە!

هەربۆیە حکومەتی ئێستای سوریا ئەگەرچی جێگیر نیە، حکومەتێکی دەورەی راگوزەرە چ بە حکومەتی سەرکوت و راوەستاو، یان جێگای خۆی دەدات بەهێزێکی دیکەی دڵخوازی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، بەڵام چ بەجێگیربوونی، یان هەر دەستەوتاقمێکی تری قەومی یان ئیسلامی کە جێگای رەزامەندی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بێت ناتوانێت وەڵامی خەڵکی سوریا بداتەوەو لەوچوارچێوەیەشدا خەڵکی کوردستانی سوریا ناتوانرێت پارێزراوبێت، هەربۆیە هەلومەرجی سوریا ناتوانێت هەروا زوو سەقامگیر بێت.

بۆ وەڵام بەکێشەی خەڵکی کوردستانی سوریاو رێگری لە کوشتار دوو رێگا دەتوانێت کارا بێت: یەکەمیان ئەوەی کە دەوڵەتی سوریا لە دەوڵەتێکی عروبی-ئیسلامی بە ئاراستەی داعیشەوە نەمێنێ و حکومەتێکی غەیرە قەومی و سیکولار دابمەزرێت کە مافی هاوڵاتی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی سوریا بەرەسمی بناسێت و جێبەجێ بکات! ئەمەش یان لەرێگای هاتنەسەرکاری حکومەتی کرێکاریەوە دەبێت لەو وولاتەدا یاخود فشاری بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری ئازادیخوازی سوریا دەتوانێ دەسەلاتێکی سیکولار و غەیرە قەومی لە سوریا بەسەر بۆرژوایدا بسەپێنێ. لەکاتێکدا ئەم دوو سیناریۆیە دورەدەست دێنەبەرچاو، رێگای دووەم ئەوەیە کە خەڵکی کوردستانی سوریا لەرێگای بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی گشتی و ئازادانەوە بریار لەسەر ئەوە بدەن کە چ جۆرە پەیوەندیەکی سیاسی و یاسایی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا دادەمەزرێنن تا رادەی ئەوەی بریار لەسەر جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بدەن

★

# سەختیەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق!

## عوسمانی حاجی مارف

بەدوای هەڵبژاردنی عێراق، کێشەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لە پێکهێنانی حکومەتدا، پێیناوەتە هەستیارترین تاقیکردنەوەی سیاسی، تائێستا لەسەر سەرۆک وەزیران و پێکهێنانی حکومەت بە ئەنجامێک نەگەیشتون.

دوای راگەیاندنی لەناکاوی کاندیدکردنی نوری مالکی، بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت، کە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، بریاری ئەم هەڵبژاردنەی مالکی تەنیا هەڵبژاردنی کاندیدێک نەبوو، دیمان بەخێرایی پەرەی سەند و بوو بە قەیرانێکی ئاڵۆز، هەماهەنگی شیعەکانی خستە بەرامبەر فشارە ئاشکراکانی ئەمریکا، کە دژی کاندیدکردنی مالکی بوو، ئەمەش پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی گۆڕیوە بۆ گۆرەپانێکی کراوەی ململانێی ناوچەیی.

لایەنە شیعەکان خۆیان لەبەردەم دووریانێکی ئەوپەری ئاڵۆزدا بینیەوە، ئەویش لەلایەک پاراستنی یەکگرتوویی ماڵی لایەنە شیعەکانە، لەلایەکی ترەوە بەرگرتنە بەخلیسکاندنی عێراق بۆ رووبەڕووبوونەوەی سیاسی و ئابووری لە بەرامبەر واشنتۆندا.ترەمپ کاندیدکردنی مالکی بە سیاسەتێکی شێتانە پێناسەکرد، هەروەها هەرەشەی کشانەوەی هاوکاریەکانی ئەمریکای بۆ عێراق راگەیاند، چەندین هەرەشە و پەیامی ئەمریکی ئەوەیان دەگەیاند کە بەدژی پێکهێنانی حکومەتێکن سەرۆکەکەی مالکی بێت.

دوابەدوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، سودانی زۆرترین کورسی بەدەستهێنا و خۆی بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتی کاندید کردووە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو رکابەریە توندەی نێوان سودانی و مالکی، دۆخەکە بۆ سودانی ئاڵۆزتربو، بۆیە سودانی رێبازی سیاسی خۆی لە دەرەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی لەبەرامبەر مالکیدا دەستپێکرد.

لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی نەیانتوانی ئەو چەقبەستویەی نێوان مالکی و سودانی چارەسەر بکەن، لەهەمانکاتدا هەموو کاندیدەکانی دیکە رەتکرانەوە، بەمەش رکابەری بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرەک وەزیران تەنها لەنێوان مالکی و سودانیدا مایەوە، بەمشێوەیە سودانی بۆی دەرکەوت کە لە دۆخێکی سەختدایە و پێویستی بە چارەسەرە، بەناچاری سودانی بۆ دەربازبوون لەم دۆخە سەختە، پێی باشبوو لە کاندیدبونی خۆی بکشێتەوە و پشتگیری لە کاندیدکردنەکەی مالکی بکات، بەڵام قەیس خەزعەلی، عەمار حەکیم، حەیدەر عەبادی و موحسین مەندەلاوی دژی کاندیدکردنی نووری مالکی بوون، دوای ئەوەی کاندیدبونی مالکی رەتدەکرایەوە، جارێکی تر سودانی کاندیدکرایەوە.

مالکی پشتیوانی هێزەکانی دیکەی چوارچێوەی هەماهەنگی مسۆگەر کردبوو، دیارترینیان رێکخراوی بەدر بوو بەسەرۆکایەتی هادی عامری هاوپەیمانێکی نزیکی ئێران لەگەڵ ژمارەیەک کوتلەی چەکداری شیعە کە تاران

پشتیوانی لێدەکردن. بەڵام لەمیانی کۆبونەوەی چوارچێوەی هەماهەنگیدا بۆ دەنگدان لەسەر کاندیدکردنی مالکی بۆ پێکهێنانی حکومەت، پەیامێک لە ئەمریکاوە گەیشت، لە پەیامەکەدا هۆشداری دراوە بەسەرکردەکانی چوارچێوە، لە سەر کاندیدکردنی مالکی و بە ڕوونی ڕەتکردنەوەی ئەم کاندیدکردنە لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە خراوەتەڕوو. پەیامەکەی ئەمریکا چەند خولەکێک پێش تەواوبوونی دەنگدان لەسەر کاندیدکردنی نوری مالکی گەیشتۆتە کۆبونەوەکە، کاتێک پەیامەکە لە کۆبوونەوەکەدا خوێندراوەتەوە، مالکی تووڕە بووە و پەیامەکەی ڕەتکردۆتەوە، پێداگری لەسەر تەواوکردنی کۆبوونەوەکە و پشتگوێخستنی پەیامە ئەمریکیەکەی کردووە، لەهەمانکاتدا ترەمپ ڕایگەیاند کە ئیدارەی ئەمریکی کاندیدکردنی مالکی ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش یەکەمجارە کە ئیدارەیەکی ئەمریکا بە ئاشکراو ڕاستەوخۆ دەستوەردان بکات لە پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا.

لەنێوان ڕەتکردنەوەی ئەمریکا و پشتیوانی ئێران، مالکی و لایەنگرانی لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا، خۆیان بە کاندیدبونی مالکیەوە چەسپاند و هەر هەوڵێکیان بۆ کشانەوە ڕەتکردەوە. دوای پێداگری مالکی و چەند لایەنێکی چوارچێوە بۆ کاندیدکردنی مالکی، پەیامێکی ئەمریکی لەڕێگەی باڵیۆزخانەکەیەوە لە بەغدا گەیاندرایە سەرکردەکانی چوارچێوە، کە تیایدا واشنتۆن بڕیاریداوە ڕێگری لە مالکی بکات لە دەستبەکاربونی لە حکومەتی داهاتودا. لە پەیامەکەدا ئەوەش ڕاگەیەنرابوو، ئەگەر چوارچێوە بەردەوام بێت لە بڕیارەکەی بۆ کاندیدکردنی مالکی، ئەمریکا لە مانگی ئازاری ٢٠٢٦ەوە سزا بەسەر کۆمپانیای نەوتی عێراقی سۆمۆ و بانکی ناوەندی عێراق و وەزارەتی نەوت و هەروەها کەسایەتیە سیاسیەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی دەسەپێنێت. دوای ئەم پەیامە چوارچێوەی هەماهەنگی کۆبونەوە، هەوڵیاندا مالکی ڕازی بکەن خۆی لە کاندیدکردن بکشێنێتەوە و عێراق لە قەیرانی ئابووری وێرانکەر بپارێزێت، بە لام مالکی ڕازی نە بووە.

بەگشتی سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە، تەنانەت ئەوانەش کە دژایەتی کاندیدبونی مالکیان دەکرد، نەیاندەویست لەبەردەم دەنگدەرەکانیان و هێزە سیاسیەکانی تر واتە لایەنەکانی سونە و کورد لاواز دەربکەون، خۆیان لە دۆخێکی سەختدا بینیەوە، ناچاربون لەنێوان تاران و واشنتۆندا یەکێکیان هەڵبژێرن. بەم جۆرە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی کەوتنە ناو قەیران و ناو بیرێکی قووڵەوە، ئەگەر پێداگری لەسەر بەردەوامبون لە کاندیدبونی مالکی بکەن، مەترسی ئەوە دەکەن پەیوەندی نێوان بەغدا و واشنتۆن لە پشتیوانی و هاوسەنگییەوە بگۆڕن بۆ دوژمنایەتیەکی ڕاشکاوانە. ئەمەش دەتوانێت کاردانەوەی جدی هەبێت، وەک سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر نەوتی عێراق و سەرچاوەکانی دۆلاری ئەمریکی و ڕێگریکردن لە هاوکاری سەربازی و هەواڵگری نێوان هەردوو وڵات. پاشان عێراق دەبێتە بەشێک لەنێو ململانێی سەربازی ئەگەری شەڕی نێوان تاران و واشنتۆن.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەرکردەکانی چوارچێوە پابەندبن بە ڕەتکردنەوەی ئەمریکا لەسەر کاندیدکردنی مالکی، سەرەڕای پشتیوانی ئێران لە مالکی، وەک ئەوە وایە کە بە ئاشکرا نیازی خۆیان بۆ پەیوەستبوون بە کەمپی ئەمریکی لە دژی ئێران ڕاگەیەنن، ئەمەش کاردانەوەی جددی هەیە، کوتلە چەکدارەکانی عێراقی هاوپەیمانی تاران بێدەنگ نابن و کار بۆ زیاتر ناسەقامگیرکردنی عێراق دەکەن، وەک سزایەک لەبەرامبەر تەسلیمبونی چوارچێوەی هەماهەنگی بە فشارەکانی ئەمریکا.

ئەو بنبەستەی ئێستا کە هەڕەشەی تێکدانی سەقامگیری عێراق و تێکدانی یەکگرتوویی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە و قەیرانی پێکهێنانی حکومەت دەکات، سەرکردەکانی چوارچێوە بیر لە چارەسەرێک دەکەنەوە، بۆ دەربازبونیان لەم دۆخە سەختە بە کەمترین زیان. لەنێوان لایەکانی چوارچیوە زیاتر قسە لەسەر دواخستنی کشانەوەی مالکی کراوە تا ئەوکاتەی وادەی یاسایی سەرۆک وەزیران تەاو دەبێت، پاشان هەنگاونان بۆ چارەسەرێک کە بریتی بێت لە پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی ڕاگوزەر بە سەرۆکایەتی سودانی، دواجاریش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ پەرلەمانی عێراق بکەن.

هەروەها سەرکردەکانی چوارچێوە پێیانوایە باشترە پێکهێنانی حکومەت ڕاگرن تا ئەوکاتەی دانوستانەکانی ئێستای نێوان تاران و واشنتۆن بە هەر ئەنجامێک دەگات، ئەمە بە باشترین چارەسەر دەزانن بۆ دەرچونیان لەو قەیران و چەقبەستبونەی ئێستایان! لەهەمانکاتدا پێکهێنانی حکومەتی هەرێمیش لە هەمان بازنەو قەیران و کێشەکانی پێکهێنانی حکومەتی بەغدادا، چاوەڕوان دەکات، چارەنوسیان پەیوەستە بە دۆخی سیاسی عێراق و ململانێی ئەمریکا و ئێرانەوە.

هەڵبەتە لە ڕۆژانی داهاتوودا هاوکاتی کێشەکان و ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران، بەدڵنیایەوە مالکی ناتوانێت پۆستی سەرەک وەزیران بەدەستبهێنێت. دۆخەکە بەجۆرێک سەخت دەردەکەوێت کە مەسەلەکە چیتر تەنها پەیوەندی بە کەسایەتی مالکی و پێشینەی سیاسیەوە نییە، بەڵکو دۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە لەو واوەتر و پێچیدە ترە تائەوەی بتوانرێت مەسەلەی سەرەک وەزیرو حکومەتی عێراق یەکلایی کرێتەوە، بۆیە پێویستە تەواوی هێزو لایەنە شیعەکان و هاوپەیمانەکانیان لە دەسەڵاتدا، واتە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی سونە و ناسیۆنالیستە کوردەکان و ئۆپۆزیسیۆنەکانیان کۆتایی بە دەوریان لە دەسەڵاتی سیاسیدا بهێنرێت. لەهەمانکاتدا پێشەوەی عێراق ببێتە قوربانی مانۆڕەکانی نێوان تاران و واشنتۆن و خولقاندنی کارەساتی گەورە، پێشوەخت پێوستە خەڵکی عێراق و کوردستان بەتەنگ ئەمنیەت و ژیانی

# کارل مارکس:

## دەستنوسە ئابوری و فەلسەفیەکان ١٨٤٤

## پێداویستیە مرۆییەکان و کاردابەشکردن لەژێر سایەی خاوەندارێتی تایبەتیدا

(ئەوەی خوارەوە وەرگێرانی بەشێکە لەو بابەتەی سەرەوە کە ئیبراهیم حسین لە فارسیەوە وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی، لەژێرناونیشانی پارە وەکو پێداویستی مرۆیی! وەرگێرانە فارسیەکە لەلایەن حسنی مرتضوی ئەنجام دراوە ...لاپەڕەکانی ١٩٥-١٩٩.)

لە واتا و چەمکی پێداویستییە مرۆییەکاندا، بینیمان کە بە گریمانەکردنی سۆسیالیزم، دەوڵەمەندیی پێداویستیە مرۆییەکان و لە ئەنجامدا هەم شێوازی نوێی بەرهەمهێنان و هەم ئۆبژەی (بەرکار) نوێی بەرهەمهێنان، چ بایەخ و گرنگییەک پەیدا دەکەن: ئەمە دەرکەوتەیەکی نوێیە لە هێزە زاتییەکانی مرۆڤ و دەوڵەمەندییەکی نوێی جەوهەری مرۆییە.

بەڵام لە سیستەمی خاوەندارێتیی تایبەتدا، گرنگیی ئەمانە پێچەوانە دەبێتەوە: هەر تاکێک لەو بیرکردنەوەیەدایە کە پێداویستییەکی نوێ بۆ ئەوی دیکە بخولقێنێت، تاوەکو ناچاری بکات قوربانییەکی نوێ بدات؛ لەگەڵ زیادبوونی قەبارەی کاڵاکان، قەڵەمڕەوی ئەو هێزە نامۆیانەی کە مرۆڤ دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە گەشە دەکات، و هەر بەرهەمێکی نوێ گوزارشتە لە توانایەکی نوێ بۆ فێڵ و تاڵانکردنی یەکتر.

مرۆڤ وەک مرۆڤ هەژارتر دەبێت، و پێویستیی بە پارە - بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەر ئەم بوونە دوژمنکارانەیەدا زاڵ بێت - ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت. هێزی پارەکەی بە نیسبەتێکی پێچەوانە لەگەڵ قەبارەی بەرهەمهێنان کەم دەبێتەوە، واتە پێداویستییەکەی لەگەڵ زیادبوونی هێزی پارەدا گەشە دەکات.

ئەم سیستەمە تەنها پارە دەخولقێنێت. بڕی پارە زیاتر لە پێشوو دەبێتە تەنها تایبەتمەندییەکی گرنگی. هەروەک چۆن پارە هەموو شتێک بۆ شێوە ئەبستراکتەکەی کورت دەکاتەوە، خۆشی لە ڕەوتی ئەم جوڵەیەدا بۆ شتێکی چەندایەتی (کەمی) کورت دەبێتەوە. زیادەڕۆیی و دەستپێوەگرتن دەبنە پێوەرە ڕاستەقینەکەی. ئەم تایبەتمەندییە لە ڕووی سوبژەکتیڤەوە تا ڕادەیەک لەوەدا دەردەکەوێت کە گەشەسەندنی بەرهەمهێنان و پێداویستییەکان، دەبێتە کۆیلەیەکی داهێنەر و حیسابکەری خەیاڵە نائینسانی، دەستکاریکراو و ناسروشتییەکان.

هیچ خزمەتکارێک ئاغاکەی خۆی بەم شێوەیە نزم ناکاتەوە و بۆ وروژاندنی بەهرە بێبایەخەکانی لە چێژوەرگرتندا دەست بۆ ئامرازی وەها سووک و چەپەڵ نابات، وەک ئەوەی کە خزمەتکاری پیشەسازی واتە بەرهەمهێنەر، بۆ بەدەستهێنانی چەند (پێنی- بچوکترین یەکەی دراوی ئینگلیزی- وەرگێری کوردی)یەک دەیکات، تاوەکو باڵندە زێڕینەکان لە گیرفانی دراوسێ خۆشەویستەکەی دەربهێنێت. هەر بەرهەمێک تەڵەیەکە کە پێی دەکرێت بوونێکی تر - واتە پارەکەی - پێی هەڵبخەڵەتێنرێت؛ هەر پێویستییەکی ڕاستەقینە یان شاراوە، خاڵێکی لاوازە کە دەکرێت ئەوی تری پێ دیل بکرێت. ئەمە ئیستیغلالکردنی گشتیی جەوهەری هاوبەشی مرۆڤە.

هەروەک چۆن هەر کەموکورییەکی مرۆڤ، بەندێکە کە بە ئاسمانەوە گرێ دەدرێت و ڕێگەیەکە بۆ قەشە تا دەستی بە دڵی بگات، هەر پێداویستییەکیش دەرفەتێکە بۆ نزیکبوونەوە لە دراوسێ لە ژێر ناوی دۆستایەتیدا، تا پێی بوترێت: دۆستی ئازیزم، ئەوەی پێویستت پێیەتی پێتی دەدەم، بەڵام بە هەندێک مەرج کە دەبێت حەتمەن جێبەجێ بکرێن. دەزانیت ئەو مەرجە چییە کە ئیمزاکەتی لەسەر نەخش دەبێت: چێژت پێ دەبەخشم بەڵام دەترووتێنمەوە. ئەو (سەرمایەدار) خۆی دەکاتە خزمەتکاری گەندەڵترین خەیاڵەکانی دراوسێکەی، لە نێوان ئەو و پێداویستییەکانیدا دەبێتە دەڵاڵ، هەوەسی ناخۆشی تێدا دروست دەکات و چاودێری لاوازییەکانی دەکات، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی تێچووی خزمەتگوزارییە ئەوینداریەکانی خۆی لێ وەربگرێت.

ئەم نامۆبوونە تا ڕادەیەک لەوەدا دەردەکەوێت کە پاڵاوتنی پێداویستییەکان و ئامرازەکانی دابینکردنیان، دەبێتە هۆی دارمانێکی ئاژەڵی و سادەییەکی تەواو، خاو و ئەبستراکت؛ یان بە واتایەکی تر، تەنها خۆی بە مانایەکی پێچەوانە بەرهەم دەهێنێتەوە. تەنانەت پێویستی بە هەوای پاکیش لە کرێکار زەوت دەکرێت. مرۆڤ جارێکی تر بۆ ژیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوت، بەڵام ئەشکەوتێک کە ئێستا بە هەناسەی ژەهراوی و تاعوونی شارستانییەت پیس بووە. هەرچەندە کرێکار بە هەزار مەرج لەم ئەشکەوتانەدا نیشتەجێ دەبێت، بەڵام ئەم پەناگایە بۆ ئەو ئەوەندە نامۆیە کە هەر کاتێک

⇦

---

⇨ خۆیانەوە بن، هیچ ئومێدێکیان بەو هێزو لایەنە سیاسیانە نەبێت، کە دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا لەسەر بنەمای تائیفی و ئیسلامی و قەومی دادەمەزرێنن. ئەو جۆرە دەسەڵاتانە بەبێ هێزی میلیشیاو و دزی و جەردەیی و تاڵانی و کۆکردنەوە دەسکەوتەکانی جەنگ، ناتوانن خۆیان بپارێزن.

لەم دۆخەدا زۆر گرنگە ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان لە عێراق و کوردستان زیاتر لەهەوڵی ئامادەکاری و فراوانبون و ڕێکخراوبونەوە بن لە مەیداندا بن و خۆیان لە کاریگەریەکانی جەنگ و کارەساتەکانی بپارێزن.

★

کرێیەکەی نەدات، لێی وەردەگرنەوە و دەری دەکەن. بۆ ئەم قەبرستانانەش دەبێت پارە بدات.

خانوبەرەیەک ڕوو لە خۆر، کە پرۆمیتێ لە شانۆنامەی »پرۆمیتێ لە بەندکراوی«ی ئایسخیلوسدا وەک بەخشیشێکی باڵا ناوی دەبرد و بە یارمەتیی ئەو وەحشییەکانی کرد بە مرۆڤ، چیتر بۆ کرێکاران بوونی نییە. ڕووناکی، هەوا – سادەترین پاکوخاوێنییە ئاژەڵییەکان – چیتر وەک پێداویستی مرۆڤ هەژمار ناکرێن. کەموکورتی، پیسی و بۆنی ناخۆشی مرۆیی، گەندەڵاوی شارستانییەت (بە مانایەکی تەواو واقیعی) بوونەتە توخمەکانی ژیانی ئەو(کرێکار). هیچ کام لە هەستەکانی ئەو چیتر نە لە شێوەی مرۆیی و نە لە شێوەی نامرۆییدا دەرفەتی دەرکەوتنیان نییە، واتە تەنانەت بە شێوە ئاژەڵییەکەشیان دەست ناکەون. زبرترین شێوازەکانی کار و ئامرازە مرۆییەکان لە نوێوە پەیدا بوونەتەوە: بۆ نموونە، ئەو ئامرازە کۆنانەی کۆیلە ڕۆمییەکان، بووەتە شێوازی بەرهەمهێنان و ژیانی زۆرێک لە کرێکارە ئینگلیزییەکان. مرۆڤ نەک تەنها پێداویستییە مرۆییەکانی لەدەست داوە، بەڵکو تەنانەت پێداویستییە ئاژەڵییەکانیشی نەماون. ئیرلەندییەکان پێداویستییەکی تر جگە لە خواردن ناناسن، لە ڕاستیدا تەنها پێداویستی خواردنیش کە دەیناسن پەتاتەیە ئەویش( پەتاتەی ڕزیو ). بەڵام ئینگلتەرا و فەڕەنسا لە هەر شارێکی پیشەسازیدا، ئیرلەندییەکی بچووکیان تێدایە. ئاژەڵە کێوییەکان لانی کەم پێویستییان بە ڕاوکردن، جوڵە و هاوڕێیەتی هەیە، بەڵام کاری ئامێری (ماشێنی) هێندە سادە کراوە تا لە مرۆڤەکان کرێکارێک دروست بکەن کە بوونەوەرێکی تەواو ناتەواوی منداڵئاسایە، لە کاتێکدا خودی کرێکارەکە منداڵێکی لەبیرکراوە. ئامێر خۆی لەگەڵ لاوازیی مرۆڤ دەگونجێنێت تاوەکو مرۆڤی لاواز بکاتە ئامێر.

ئابووریناسەکان دەیسەلمێنن کە چۆن زۆربوونی پێداویستییەکان و ئامرازەکانی دابینکردنیان، دەبێتە هۆی نەبوونی پێداویستی و ئامرازەکان. ئەو ئەم بابەتە ئاوا ڕوون دەکاتەوە:

١- بە کورتکردنەوەی پێداویستییەکانی کرێکار بۆ سادەترین و نزمترین ئاستی دابینکردنی بژێوی جەستەیی و کورتکردنەوەی چالاکییەکان بۆ جوڵەیەکی میکانیکی و ئەبستراکت. بەم شێوەیە، ئابووریناس دەڵێت: مرۆڤ هیچی تری نییە، نە پێویستی بە چالاکییە و نە پێویستی بە چێژوەرگرتن. ئەو تەنانەت ژیانێکی وەها بە ژیانی مرۆیی دادەنێت.

٢- بە دانانی نزمترین ئاستی مومکینی پێداویستی وەک پێوەرێکی گشتی بۆ جەماوەری خەڵک. ئەو کرێکار دەکاتە بوونەوەرێکی بێ هەست کە هیچی نییە و هەلسوڕانی ئەو تا ئاستی ئەبستراکتێکی ڕووت دەگۆڕێت. بۆیە هەر جۆرە خۆشگوزەرانییەک کە کرێکار بتوانێت چێژی لێ وەربگرێت، بە شایستەی سەرکۆنە دەزانێت.

بۆیە ئابووریی سیاسی، ئەم زانستی سەروەت و سامانە، لە هەمان کاتدا زانستی خۆبەستنەوە، نەداری و دەستپێوەگرتنە. گەیشتووەتە شوێنێک کە تەنانەت پێداویستی بە هەوای پاک یان وەرزشی جەستەییش بۆ مرۆڤ بە ڕەوا نابینێت. ئەم زانستە لە هەمان کاتدا زانستی ڕەهبانییەت و پارێزگارییە (سیاسەتی کەمخۆری). ئایدیاڵە ڕاستەقینەکەی، ڕەزیلێکی پارێزگار بەڵام چاوچنۆکە؛ کۆیلەیەکی ڕازی بەڵام بەرهەمهێنەرە. ئایدیاڵە ئەخلاقییەکەی ئەو کرێکارەیە کە بەشێک لە کرێی خۆی پاشەکەوت دەکات.

ئەم زانستە دەڵێت: هەرچی کەمتر بخۆیت، کەمتر بخۆیتەوە، کەمتر کتێب بکڕیت، کەمتر بچیتە تیاتر و هۆڵەکانی سەما و کەمتر بیر بکەیتەوە، ئەویندار بکەیت و گۆرانی بڵێیت، پاشەکەوتەکەت زیاتر دەبێت و گەنجینەکەت، واتە سەرمایەکەت گەورەتر دەبێت. هەرچی کەمتر بیت و کەمتر لە ژیانت بەهرەمەند بیت، ژیانی نامۆبووت زیاتر دەبێت. هەرچییەکی کە ئابووریناس لە ژیانی تۆی دەبات، بە شێوەی پارە و سەروەت بۆت دەگەڕێنێتەوە. هەرچییەک تۆ ناتوانیت ئەنجامی بدەیت، پارەکەت بۆت ئەنجام دەدات: دەتوانێت بخوات، بخواتەوە، گەشت بکات، هونەر و زانست و دەسەڵاتی سیاسی بکڕێت. پارە سەروەت و توانایەکی ڕاستەقینەیە. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە، پارە تەنها دەیەوێت خۆی بخوڵقێنێت و خۆی بکڕێت، چونکە هەموو شتەکانی تر خزمەتکاری ئەون.

کرێکار تەنها ڕێگەی پێدراوە تا ئەو ئاستە هەبێت کە تەنها زیندوو بمێنێت، و تەنها ڕێگەی پێدراوە تا ئەو ئاستە زیندوو بێت کە تەنها (بۆ خاوەن سەرمایە) هەبێت.

ئابووریی سیاسی، سەرەڕای دەرکەوتە دنیایی و ڕەهاکەی، زانستێکی ئەخلاقیی ڕاستەقینە و ئەخلاقیترین زانستەکانە. تێزە بنەڕەتییەکەشی نکوڵیکردن لە خود، چاوپۆشیکردن لە پێداویستییە مرۆییەکان و لە تەواوی جیهانە.

هەرچەندە کەمتر بخۆیت، کەمتر بخۆیتەوە، کەمتر کتێب بکڕیت، کەمتر بچیت بۆ شانۆ، هۆڵەکانی سەما و شوێنە کاتبەسەربردنەکان، کەمتر بیر بکەیتەوە، کەمتر خۆشەویستی بکەی د، کەمتر تیۆری دابڕێژیت، کەمتر گۆرانی بڵێیت، کەمتر وێنە بکێشیت و کەمتر کات بەسەر بەریت؛ زیاتر دەتوانیت پاشەکەوت بکەیت و ئەو گەنجینەیەی کە نە مۆرانە و نە ژەنگ کاری تێناکەن، زیاتر دەبێتە سەرمایەکەت.

هەرچەندە کەمتر بیت و کەمتر لە ژیانت بەهرەمەند بیت، ژیانە لەخۆنامۆبووەکەت زیاتر دەبێت؛ هەرچەندە زیاترت هەبێت، پاشەکەوتی بوونە نامۆبووەکەت زیاتر دەبێت. هەر شتێک کە ئابووریناس لە ژیان و مرۆڤایەتیی تۆی دەسەنێتەوە، لە شێوەی پارە و سامان بۆت دەگەڕێنێتەوە.

هەرچییەک کە تۆ خۆت ناتوانیت ئەنجامی بدەیت، پارەکەت ئەنجامی دەدات: پارە دەتوانێت بخوات، بخواتەوە، بچێتە هۆڵی سەما و شانۆ، گەشت بکات و هونەر، فێربوون، کونجکاویە مێژووییەکان و دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی داگیر بکات؛ هەموو ئەمانە دەتوانێت بۆ تۆ بکات و هەموو ئەمانە دەتوانێت بکڕێت. پارە سامانی ڕاستەقینەیە، توانای ڕاستەقینەیە.

★